
# دەروازەیەک بۆ مێژووی مێژوونووسیی



پرۆفیسۆر . دکتۆر یاسین سەردەشتیی

سلێمانی / ٢٠٢٤

**خوێنەری ئازیز:** مێژووی مێژوونووسیی (Historiography) یەکێکە لەو بابەتە هەمەلایەنە گرنگانەی کە باخێکی زۆری بۆ بایەخدارانی مێژوو هەیە و هەمیشە شایەنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە، چونکە بوارێکە بەردەوام لەبەردەم ئەگەری ئەوەیە راستی نوێمان لەبارەیەوە بکەوێتە بەردەست. ئەم بەرهەمەی بەردەست، پوختەیەکە لە کۆی ئەو چەند وانەیەی کە لەم بارەیەوە، لەکۆرسی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٣-٢٠٢٤) پێشکەشی خوێندکارانی خوێندنی باڵا /ماستەی بەشی مێژووی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراون و پێمان وایە کە لەم رووەوە بەرچاوڕوونییەکیش دەبێت بۆ هەر بایەخدارێکی مێژوو کە لەبارەی مێژووی مێژوونووسییەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپا، هەتاوەکو سەدەی بیستەم، ئاگادارییەکیان هەبێت.

شایەنی باسە، بۆ ئامادەکرنی ئەم بابەتە، پشت بەژمارەیەک سەرچاوە بەستراوە کە لە کۆتاییدا ئاماژەیان پێدراوە. لەکۆتاییدا هیوادارم ئەم هەوڵە ساکارە سوودی خۆی هەبێت و کەلێنێکی بچووک لە پێویستی بایەخدارانی مێژوو بۆ ئەم بوارە کەم باسکراو و گرنگە پڕبکاتەوە.

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٤

## ناساندنێکی مێژوو و مێژوونووسیی

ئاشکرایە کە چەمکی مێژوو لەلای زۆربەی گەلان چەند مانایەکی نزیک و هاوشێوە دەبەخشێت کە پەیوەندی بە کات و رابردوو و رووداوە تێپەڕیوەکانی پێشووەوە هەیە. بۆ نموونە لەزمانی عەرەبییدا وشەی "تأريخ" واتای دیارییکردن و ناساندنی کات دەگەیەنێت، "History" یش کە لەزمانی ئینگلیزیی و ئەوروپییەکاندا بەکاردێت و لەگریکییەوە وەرگیراوەو لەلایەن "هیرۆدۆت"ی مێژوونووسی گریکی کۆنەوە لەسەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە بەکارهێنراوە، مەبەست لێی گەڕان و پشکنینە بەدوای رووداوەکانی رابردوو و تۆمارکردنێتی.

شایەنی باسە، ماناو مەبەستی چەمکی مێژوو، بەگوێرەی تێپەڕینی کات، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ماناکەی بۆتە گەڕان و پشکنین کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی سەبارەت بە رووداوە گرنگەکانی رابردوو و توێژینەوە لەژیانی تێپەڕیوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و تۆمارکردنیان بەگوێرەی بنەما و رێبازێکی زانستی، پاش رێکخستن و تەتەڵەکردنی زانیارییەکان و پێکەوەبەستنیان و لێکدانەوەو راڤەکردنیان لەلایەن کەسێکی شارەزاوە کە پێی دەوترێت "مێژوونووس" بەشێوەیەک وێنایەکی تا ئەوپەڕی راستی یان نزیک لە راستییمان بخاتە بەردەست، بەشێوەیەک بەرچاوڕوونیمان سەبارەت بەرابردووی ژیان و شارستانی و پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لەرابردوو پێ بدات تاوەکو لەژیانی ئێستایی و هەنگاونان بەرەو داهاتوو سوودیان لێوەرگرین و بزانین چۆن و لەکوێوە هاتووین و لەکوێداین و بەرەو کوێ دەچین. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە مێژوونووسیی (Historiography) تەنیا هەوڵی گێڕانەوەی ورد و روونی

ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ توێژینەوەو لێکدانەوەو شیکاریی و ڕاڤەکردن و دۆزینەوەی هۆکار و هاندەری ڕووداوەکان و هەڵهێنجانی ئەو یاسا و بنەما سەرەکیی و گشتییانەی ئاراستەی ڕووداو و گەشەکردنەکان دیاریدەکەن و بەرەو پێشکەوتن و هەڵکشان یان داکشان و داڕمانیان دەبەن و زەمینەی هاتنە ئارای قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردوو دەخولقێنن.

لەم بارەیەشەوە هەندێک جار پێناسەی جۆراو جۆرمان سەبارەت بە چەمکی مێژوو دێتە بەرچاو، بۆنموونە دەوترێت کە " مێژوو دایکی زانستەکانە" و مەبەست لەمەش ئەوەیە کە هەموو دیاردە و زانستێک مێژوو و ڕابردوو و پەرەسەندنی تایبەت بە خۆی هەیە و تەنانەت زەوی و جیهان و کەونیش مێژوویان هەیەو زادەی پەرەسەندنێکی مێژوویین. بەڵام ئەوەی ئێمە لە زانستی مێژوودا مەبەستمانە، پەیوەستە بە پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و ئاڵوگۆڕەکانی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ و کۆکردنەوەی ئەو ڕووداو زانیارییانە و لێکدانەوەو ڕاڤەکردن و تەتەڵەکردنیانە و تۆمارکردنی ئەو جوڵەو ئاڵوگۆڕانەیە لەلایەن خودی مرۆڤەوە، بە پەیڕەویی و پشتبەستن بەرێبازو بنەماگەلێکی زانستیی هاوچەرخ.

ڕاستە مێژوو یەکێکە لە هەرە کۆنترین بابەتە فەرهەنگییەکان کە لەسەردەمی شارستانییەتە کۆنەکانەوە دەرکەوتووەو بایەخی پێدراوە، چ لە چین و چ لە وڵاتی گریک و میسر و میسۆپۆتامیا و دواتریش لەسایەی خەلافەتی ئیسلامییدا، بەڵام بابەتی مێژوو، لەدوای سەردەمی ڕۆشنگەرایی و بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، شوێنی زانستی شیاوی خۆی وەک لقێک لە زانستە مرۆڤایەتییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان وەرگرت و لەپاڵ زانستەکانی دیکەی وەک : ڕامیاریی، ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و ئەنترۆپۆلۆجیا..هتد، ملی ڕێگەی پەرەسەندنی زانستی خۆی گرت و لەکۆتایی ئەو سەدەیە و تەواوی سەدەی بیستەمدا، قۆناغی گرنگی تەیکرد و لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان و فەیلەسوفان و نووسەرانەوە بایەخی

پێدرا و هەلومەرج و گۆڕانکارییەکانیش، ئەم لقەی زانستە مرۆڤایەتییەکانیان هێنایەپێش و لەسەر شانۆی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان، دەرکەوت.

دیارە مێژوو بوارێکی گشتگیرە و تەواوی چالاکیی و جومگەکانی ژیانی رابردووی مرۆڤایەتیی لەخۆدەگرێت. ئەوەش زۆربەی جار وادەکات کە مێژوونووس بەشێوەی جیاواز دەربکەوێت. بۆ نموونە، کاتێک مێژوونووسێک لە مێژووی هزر و فەلسەفە بتوێژێتەوە، زیاتر وەک توێژەرێکی فەلسەفە یان فەیلەسوفێک دەردەکەوێت. خۆئەگەر لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکۆڵێتەوە وەک کۆمەڵناس و لەدیاردە ئابوورییەکانیش وەک ئابووریناس و لە یاسا وەک یاساناس و لە ئەدەبیش وەک ئەدیبێک دەردەکەوێت.

پێویستە ئەوەش بوترێت، کە هەرچەندە مێژوونووس بابەتێک و رێبازێکی بۆ توێژینەوە هەیە، بەڵام لە زانستی مێژوودا، هەروەک لە زانستە سروشتییەکانی هاوشێوەی : کیمیا و فیزیا و ماتماتیک دا هەیە، مێژوونووس ناتوانێت وەک راستییەکی رەها مامەڵە لەگەڵ بەڵگە و ئەو یاسا گشتییانەدا بکات کە لە توێژیەنەوەکەیدا پشتی پێ دەبەستێت یان وەک دەرئەنجام پێی دەگات. لەراستییدا، رووداوەکانی رابردوو تێپەڕیون و هەرگیز وەک خۆیان دووبارە نابنەوەو ناکرێنەوە.

مێژوونووس، هەروەک فەلەکناسێک یان جیۆلۆجستێک وایە و ناتوانێت رووداوەکانی پێشوو لە تاقیگەدا ئەزموون بکات، هەروەها مێژوونووس خودی خۆی مرۆڤەو لەمێژووی مرۆڤ و رووداوەکانی رابردووی مرۆڤایەتیی دەکۆڵێتەوە، لەبەرئەوە زۆر ئەستەمە کە لە پەیوەستەگییە ئایدۆلۆژیی و سیاسی و ئاینیی و چینایەتیی و نەتەوایەتیی لایەنگرییەکانی دیکەی تایبەت بە مرۆڤ، بەتەواوەتی خۆی دابڕێت. تەنانەت ئەگەر ئەوەش تاوەکو رادەیەکی زۆر بکات، هێشتا هەر ناتوانێت بەتەواوەتی خۆی لە رەهەندەکانی کات و شوێن دوور بخاتەوەو بچێتەوە هەمان ئەو کات و شوێنەی کە رووداوەکانی تێدا رووداوە و بتوانێت درک بە تەواوی هەموو رووە دیارو نادیارەکانی

بکات. لەم سەربەنەوە، هیچ بەرهەم و توێژینەوەیەکی مێژوونووسان حەقیقەت و راستی رەها و کۆتایی نییە و بەدەر نییە لە کەموکورتی. لەبەرئەوە توێژینەوە مێژووییەکان هەمیشە لەپەرەسەندن و بەردەوامیدان و دۆزینەوەی بەڵگەگەلێکی نوێ کە زەمینەی خوێندنەوەیەکی مێژوویی نوێ سەبارەت بە رووداوێکی مێژوویی بینێتەئارا، هەمیشە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.

لەلایەکی دیکەوە، دابەشکردن و جیاکردنەوە و توێژینەوە لەبواری مێژوو و لە نووسینە مێژووییەکاندا، بە یەک فۆرم و رێباز نییە. ئەوە راستە کە رووداوەکانی رابردوو و قۆناغەکانی مێژوو بەگشتیی بۆ قۆناغەکانی کۆن، ناوەڕاست و نوێ و هاوچەرخ دابەشدەکرێت، بەڵام مێژوونووس هەن پشتیان بە بەدوادایەکهاتنی شارستانییەکان بەستووە، هەیانە پشت بە چاخەکانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەبەستن وەک: چاخی بەردین، چاخی برونزی، چاخی ئاسن. هەشیانە پشت بە شۆڕشە تەکنیکییەکانی وەک : چاخی کشتوکاڵیی، چاخی پیشەسازیی و چاخی میدیایی دەبەستن. هەشیانە پشت بە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی وەک" کۆمۆنی سەرەتایی، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداریی و سۆسیالیستی دەبەستن. هەشیانە بەگوێرەی شێوەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی وەک: چاخی راوکردن و کۆکردنەوەی بەروبومی سروشتیی و شوانکارەیی، چاخی شارستانیی. هەروەها هەن بەگوێرەی قۆناغەکانی گەشەکردنی هزرو رۆشەنبیریی وەک: جادووگەریی، ئەفسانەیی، ئاینیی، فەلسەفی، عەقڵیی و پۆسڤیتیزم.

دیارە مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکە کەهەستی مێژوویی هەیە و لەبەرچەندین هۆکارو پێویستیی و مەبەست، خوازیارە ئاگاداری رووداوەکانی رابردووی خۆی و گەلانی دیکەبێت و رووداوە مێژووییەکانی رابردوو بکاتە گەنجینەیەکی پەندئامێز بۆ هەڵهێنجانی زانیاریی پێویست و بەسوود لەپێناوی بەرچاوڕوونیی بۆ ئەمڕۆ و نەخشەو بەرنامەکانی داهاتووی خۆی. هەربۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە وتراوە"لەبیرچونەوەی رابردوو لەدەستدانی داهاتووە" یاخود

"پێگەی هەر گەلێک لەئێستادا تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەو پێگەیەی کە پێشتر هەیبووە". لەم سەربەنەوە، مێژوو دەبێتە هاندەر و پەند و سەرچاوەیەکی کە دەکرێت لەزۆر رووەوە سوود لەلایانە پرشنگدارەکانی وەرگرین و خۆ لەلایەنە تاریکەکانیشی بەدووربگرین یان بەرچاروونیی و رێنوێنیی خۆ لێدەربازبوونمان لەقۆرت و کێشە و تەنگوچەڵەمە هاوشێوەکان پێ ببەخشێت، هەروەک وتراوە "ژیر دووجار لەکونێکەوە مار نایگەزێت".

ئەمەش بەمانای توانەوە لەرووداوەکانی رابردوودا و خەوبینین نییە بە دووبارەکردنەوەی سەردەمە تێپەڕیوەکان و نغرۆبوون لە مێژوودا، بەشێوەیەک کە تاک یان کۆمەڵ ببێتە دیلی رابردوو و بوونەوەرێکی کەلەپوریی کە لە خەیاڵبلاوی کۆن و تراویلکەکانی رابردوودا بژی و ئێستا و بەرپێی خۆی نەبینێت و رابردووو مێژوو بکاتە بتێکی پیرۆزی پەرستراو لە دنیاو واقیعی ئەمڕۆی دابڕێت و مێژوو بکاتە لەمپەرێک لەبەردەم ویست و خواستی پێشکەوتن و گەشەکردن و داهێنان و هەنگاونان بەرەو ئایندە.

زۆرجار گوێمان لەو دەستەواژەیە دەبێت کە "ئەوە سەرکەوتووەکانن مێژوو دەنووسنەوە"! وەک ئەوەی مێژوو تەنیا رووداوە سیاسی و سەربازییەکان بێت و کات و زەمەنیش لەقۆناغێکی دیارییکراودا بەچەسپاویی و نەگۆڕیی بمێنێتەوە! ئەوە راستە کە لەمەیدانی ململانێ و رووداوە سیاسی و سەربازییەکاندا، زۆربەی جار سەرکەوتووەکان بەهۆی مەیل و لایەنگریی ئاینیی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و نەتەوەیی و چینایەتیی و مەزهەبیی و رەگەزییەوە، هەوڵدەدەن لەرێگەی مێژوونووسە فەرمییە نیشتیمانیی و داوالێکراوەوە، هەموو شایستەیی و شکۆمەندیی و روویەکی ئەرێنیی بەخۆیان ببەخشن و بەرگێگی هەرە ناشرین و ناڕەواو نەرێنییش بەبالای دوژمنەکانیاندا بپۆشن. بێگومان لەم پرۆسەیەدا، تارادەیەکی زۆر فەزا و تەپوتۆزی سەرکەوتن، لایەنگریی و شێواندنی و ساختەکاریی و لادانەکان دادەپۆشێت، بەڵام هەرگیز ئەم دۆخە تاکو

ئەبەد و هەتاهەتایە بەردەوام نابێت، چونکە چاوی مێژوو تیژەو ئەگەر مێژوونووسانی بەرەی سەرکەوتووش راستییەکان بەئەنقەست لەبیربکەن، کە بێگومان بۆ هەمیشەش لەپێگەی سەرکەوتوودا نامێننەوە، ئەوا دەرگای مێژوو بۆخۆی بەرووی دژەبۆچوون و راستکردنەوەی لادان و پەنجەخستنە سەر ساختەکارییەکان کراوەیەوە و وەک دەوترێت مێژوو نە لەبیردەکات و نە رەحمیش دەکات.

دواجار پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە بەوهۆیەی کە نووسینی مێژوویی زادەی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو و ململانێی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و هزرییەکانە و پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوە و بەڵگەو زانیاریی قۆناغێکی دیاریکراو دەبەستێت، ئایا دەکرێت ئەو نووسیانە بە راستی رەها و کۆنکرێتی بزانرێن و پێداچوونەوەی نوێ و خوێندنەوەی نوێیان بۆ نەکرێت و بێ دەستکاریی بمێننەوە؟!

لەوەڵامدا پێویستە ئەوە بەبیر خۆماندا بێنینەوە کە مێژوونووسیی وێناکردنی مێژوونووسە بۆ رووداوەکانی رابردوو، بە ئامراز و رێباز و سەرچاوەکانی بەردەست لە قۆناغێکی دیارییکراودا، نەوەکو وێنەی راستی رەها و تەواوی هەمەرووی بێ کەموکورتی رووداوەکان بێت. لەبەرئەوەی مێژوونووس مرۆڤە و دواجار، گەر کەمێکیش بێت، مەیلی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی و ئایینیی و تەنانەت هزریی و بابەتە شەخسییەکانیش کاری تێدەکات و کاریگەریی لەسەری هەیە، هەربۆیە زۆر ئاساییە کە لەسەردەمێکی دیکە و لەکاتی دۆزینەوەی بەڵگەی نوێ و بەکارهێنانی ئامراز و داهێنانە زانستییەکان، جارێکی دیکە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئەو بابەتە نووسراوە مێژووییانەی رابردوو بکرێت و راستییەکانی لە ناڕاستییەکانی جیابکرێنەوە و راستیی نوێ لەبارەیانەوە بخرێنەپێش چاو، بەتایبەت لەوڵاتانی بندەستی ستەمکاریی و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تاکڕە و تۆتالیتارەکاندا، ئەوەی تیایاندا نە مێژوونووسان ئازادن و نە مێژووش دەتوانێت ئاوێنەی راستییەکانی رابردوو بێت.

## مێژوونووسیی لە شارستانییەتە دێرینەکاندا

هەروەک ئاماژەمان پێدا، مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی مێژووییە و مێژوو وەک بابەتێک بایەخی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە، وێڕای ئەو ڕاستییەی کە وەک زانستێکی سەربەخۆ و لقێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر بەگشتیی بۆ قۆناغە دێرینەکانی ژیانی کۆمەڵگاکان بگەڕێینەوە، دەبینین کە گەلێک پاشماوەی مادیی وەک ئامرازە ساکارەکانی دروستکراوی مرۆڤ و وێنەی هەڵکوڵراوی سەر بەردو ئەشکەوتەکان کە وەک بەڵگە و سەرچاوەیەکی مێژوویی جێگای بایەخی مێژووییین، گۆرانی و شیعر و ئەفسانەکانیش ئاماژەیەکی بایەخدارن و شێوازێکی ساکارن بۆ باس و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە بەرگی گێڕانەوەیەدا. ئەوانەی پێش دەرکەوتنی نووسین و بڵاوبوونەوەی، بەشێوەیەکی ساکارو دەماودەم بوون، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی نووسین و دەرکەوتنی سەرەتاکانی شارستانییەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت و گەشەکردنی ژیانی ئاینیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، وردە وردە نووسینی ڕووداوەکان و یاسا و ڕێکەوتننامە و دەقە ئاینییەکان و تۆمارکردنی ئەو زانیارییانە دەربارەی دۆخی ئابووری و پێویستییەکانی ژیان لەکایەدابوون. بەڵگە و سەرچاوەکانی مێژوونووسییش، لەڕووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی.

وێڕای هەموو ئەوانەش، هێشتا درککردنی نووسینی بابەتی مێژوویی و گێڕانەوەو لێکدانەوەی ڕووداوەکانی، وەک دیاردە لەم قۆناغەدا نەهاتەئارا، ئەوەی کە بەپێی هەلومەرجی جیاوازی دۆخی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی گەلان و وڵاتان، لەقۆناغەکانی دواتردا، بەشێوەی جۆراوجۆرو جیاواز، لەکات و ساتی جیاوازدا، دەرکەوتن.

بۆ نموونە، لەهندستان، هەرچەندە لەپاش دەرکەوتنی نووسین و دەقە ئاینییەکانی وەک "فیدا" و داستانە حەماسییە بایەخدارەکانی وەک "مەهابەهاراتا" و "رامایانا" و "بورانا"دا کە دەوڵەمەندیی ژیان و بایەخی ئاینیی و ئەدەبی پێشاندەدەن، بەڵام بەهۆی زۆری پێکداداچوونی گەلان و رەگەزە جیاوازەکان و ناکۆکی و جیاوازیی لە داب و زمان و نەریتەکان و نەبوونی یەکێتییەکی تۆکمەی سیاسی، دەرکەوتنی نووسینی بابەتی مێژوویی و ئەدەبی مێژوویی، هەتاوەکو سەدەی یازدەیەمی زاینی دواکەوت. هەروەها لەژاپۆنیش، وێڕای ئەوەی بنەماڵەی پاشایەتی فەرمانڕەوا بۆ سەدەی شەشەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە و ئەو راستییەی کە میلەتی ژاپۆن لەرووی رەگەزییەوە یەکرەنگە، بەڵام هێشتا مێژوونووسیی و تۆمارکردنی رووداوەکان بەشێوەی ساڵەکان(حولیات یان کرۆنیک)، بۆسەدەی هەشتەمی زاینی دواکەوت و پاشان لەژێر کاریگەری دواکەوتن و پەرەسەندنی نووسینی مێژووی لە چین، لەژاپۆنیش لەنێوان سەدەی دەیەم بۆ سیازدەیەمینی زاینی، بواری نووسینی مێژوو پەیدابوو. لەسەدەی حەڤدەیەم لە ژاپۆن میر" میتۆ" ١٦٢٢-١٧٠٠ بەهاوکاریی ژمارەیەک زانای ژاپۆنی و چینی، نووسراوێکی گەورەی مێژوویی نووسی کە مێژووی ژاپۆنی تاوەکو ساڵی ١٤١٣ لەخۆگرتووە. هەروەها "هاکیسکی" ١٦٥٧-١٧٢٥ یەکەم مێژوونووسی ژاپۆنییە کە نووسینی مێژووی گەیاندە ئاستێکی زانستیی. هەروەها "رابی سانجو" ١٧٨٠-١٨٣٣ لەمێژوونووسە گەورەکانی ژاپۆنە کە بەکەسێکی وردسەرنج و لێهاتوو لە وێناکردنی رووداوەکانی مێژوو دادەنرێت.

ئەگەر لەبارەی چینییەکانیشەوە بدوێین، دەکرێت بوترێت کە ئەوان لەبواری مێژوونووسییدا، لەزۆربەی گەلانی دیکەی رۆژهەڵات لەپێشتربوون. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان بەتوندی هەستیان بە راستییەکانی ژیان دەکرد و رێزێکی زۆریان بۆ باپیرانیان هەبوو. جگە لەوەی کە هۆگری رابردووی خۆیان بوون و درکی باشی سیاسییان هەبوو، هەروەها لەبڕیاردانیشیاندا میانڕەو بوون و رێزی





زانست و رۆشنبیریی و کاری جددییان لەلابوو. هەر لەبەرئەوە بایەخی نووسینی مێژوو لەلای چینییەکان بۆ قۆناغێکی دێریین دەگەڕێتەوە و لەرووی چەندایەتیی و چۆنایەتییشەوە، پەرەسەندوو بوو. لەو رووەوە، چینییەکان بە بەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەنووسینی مێژوویی سەبارەت بە کەسایەتییەکان و فەرهەنگی مێژوویی و بەیاخدان بە لایەنەکانی ژیان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی مێژووی چیندا، بەناوبانگن، بەڵام زۆربەی ئەو نووسینانە گێڕانەوە و رێکخستنی زانیاریین سەبارەی بە رووداوەکان و لە دیدی رەخنەیی و هەڵهێنجانی یاسا و بنەمای چەسپاوی پەرەسەندنی مێژوو دوورن. بەناوبانگترین مێژوونووسەکانی چین بریتیە لە سیزماتیان (١٤٥ یان ١٣٥- ٨٦ پ.ز) و سیریما کوانج کە لەسەدەی یازدەیەمی زاینییدا ژیاوە.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەقۆناغە دێرینەکاندا، دەکرێت بوترێت کە بابەتی نووسینی مێژوو بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ پێی دەناسرێت، لەو سەردەمەدا دەگمەن بووە. ئەوە راستە لەهەناوی ئەو شارستانییەتە دێرینانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەک میسری فیرعەونی و سۆمەرییەکان و دەسەڵاتدارییەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشووری لە میسۆپۆتامیادا، گەنجینەیەکی گەورەی بەڵگە و نووسراوی سەر کۆشک و پەرستگا و لیستی ناوی پاشاکان و هەروەها هەواڵی جەنگ و رێکەوتن و راو و سێرمۆنیا ئاینییەکان و دەقەکانی سەر گۆڕەکانیان ..هتد نووسراون، ئەوانەی بەچەشنێک زۆرن وایکردووە هەندێک لەو وڵاتانە بەتایبەتی میسر، وەک مۆزەیەکی مێژوویی دەربکەون. بەڵام ئەوانە لەپێناو هەستکردن بە بایەخی مێژوونووسیی و گەڕان بەدوای رووداوەکانی کۆن و لێکدانەوەیان نەبووە و زیاتر لەپێناو شانازیی و شکۆبەخشین ومەزنپێشاندان و پیاهەڵدانی پاشاکان و کارەکانیان بووە. ئەو پاشایانەی کە وەک خواوەند یان سێبەری خواوەند لەسەر زەوی تەماشاکراون.

بەڵام کاتێک بەریەککەوتن لەنێوان ئەم شارستانییەتانە و فەرهەنگ و شارستانی قۆناغی هیلینی روویدا، ئەوکاتە نووسین سەبارەت بە رووداوەکانی رابردوو لەلایەن کەسی سێیەمەوە دەرکەوت و برەوی پەیداکرد. شایەنی باسە، لەو رووەوە دەتوانرێت لەمیسر، ئاماژە بە نووسەرێکی وەک "مانیتو" بکرێت کە بەگەڕانی ورد و تۆمارکردن و بابەتیبوون و لێکدانەوەی رووداوەکانی رابردوو، ناسراوە. دیارە لەمیسۆپۆتامیا، دۆخەکە کەمێک لە میسر باشتر بووە، بەتایبەتی کە شوێنەوارناسان ژمارەیەکی زۆریان لە نووسینی سەر تابلۆ قوڕینەکان و بەردە هەڵواسراوەکانیان دۆزییەوە کەباس لەجەنگی دەوڵەتەکانی شارو وێرانکردنی پەرستگاکان و چەندین بابەتی دیکەی ژیانی سیاسی و ئاینیی و ئابووری ئەودەمی دێرینی مێژووی شارستانییەتی میسۆپۆتامیا دەکەن کە دەتوانرێت وەک ئاستێکی سەرەتایی مێژوونووسیی لێی بڕوانرێت. هەر لەو بارەیەوە، ئاماژە بۆ "قەشە بیرۆسس" دەکرێت کە مێژووی بابلی نووسیوەتەوە. وێڕای ئەوانەش، هێشتا باڵادەستیی عەقڵی ئەفسانەیی و پیرۆزگەرایی پاشاکان و هەژمونی پەرستگاکان بەسەر ژیانی هزرییەوە ، وایکردووە ئەو بابەخدانە مێژووییانە، لەچوارچێوەی چینی باڵادەستدا قەتیس بمێنێت کە چینی کەمینەن و رۆنەچێتە نێو باس و رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و بابەتە گشتییەکانەوە.

لەلای گەلی جولەکەش لە رۆژانی دێریندا، دەقە پیرۆزەکانی ئاینەکەیان کە لەتەوراتدا جێی گرتووە، نووسینەوەی بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و کاریگەریی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی بابلی و میسۆپۆتامیای بەسەرەوە بووە، بەتایبەتی بابەتەکانی ئەفراندن و بورجی بابل و لافاوە مەزنەکە و ژیانەوە وچەندین بابەتی دیکە. جگە لەوەی کە بابەتەکانی دۆزەخ و شەیتان و نەمریی و چەندین باسی دیکەیان لە ئاینی کۆنی ئێرانی سەردەمی ئەخمینییەکانەوە وەرگرتووەو لەوانیشەوە بۆ ئاین و گەلانی دیکە گواستراوەتەوە.









וכפר עליו הכהן
על שגגתו אשר
שגג והוא לא ידע
ונסלח לו אשם הוא
אשם אשם ליהוה׃

וידבר יהוה אל משה
לאמר נפש כי תחטא
ומעלה מעל ביהוה
וכחש בעמיתו בפקדון
או בתשומת יד או
בגזל או עשק את
עמיתו או מצא
אבדה וכחש בה
ונשבע על שקר
על אחת מכל אשר
יעשה האדם לחטא
בהנה והיה כי יחטא
ואשם והשיב את
הגזלה אשר גזל או
את העשק אשר

עשק או את הפקדון
אשר הפקד אתו או
את האבדה אשר
מצא או מכל אשר
ישבע עליו לשקר
ושלם אתו בראשו
וחמשתיו יסף עליו
לאשר הוא לו יתננו
ביום אשמתו ואת
אשמו יביא ליהוה
איל תמים מן הצאן
בערכך לאשם אל
הכהן וכפר עליו
הכהן לפני יהוה
ונסלח לו על אחת
מכל אשר יעשה
לאשמה בה׃

וידבר יהוה אל משה
לאמר צו את אהרן
ואת בניו לאמר

זאת תורת העלה
הוא העלה על מוקדה
על המזבח כל הלילה
עד הבקר ואש
המזבח תוקד בו׃
ולבש הכהן מדו בד
ומכנסי בד ילבש
על בשרו והרים את
הדשן אשר תאכל
האש את העלה על
המזבח ושמו אצל
המזבח ופשט את
בגדיו ולבש בגדים
אחרים והוציא את
הדשן אל מחוץ למחנה
אל מקום טהור
והאש על המזבח
תוקד בו לא תכבה
ובער עליה הכהן
עצים בבקר בבקר וערך
עליה העלה והקטיר

شایەنی باسە، نووسینی مێژوو لەلای گریکەکان جێگای بایەخێکی تایبەتە. هەرچەندە ئەم بوارە لەسەدەی پێنجەمی پ.ز و بەتایبەت لەسەر دەستی "هیرۆدۆتس ٤٨٤-٤٢٥ پ.ز" لەسەر پێی خۆی وەستا، بەڵام گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێشوو، لەقۆناغێکی پێشووتردا بەشێوەی ئەفسانە و شیعری حەماسی وەک ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆس، کە باس لەشەڕی تەروادە دەکات و تیایدا راستیی و خەیاڵ لەگێڕانەوەیەکی پیاهەڵدانی پاڵەوانانەدا، تێکەڵ بەیەکتری دەکات. لەوەش زێدەتر، هەوڵەکانی دواتری "کادیموس" و "هیکاتیوس" لەبواری ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی رابردوو بەشێوەی گێڕانەوە و پەخشانە چیرۆک، زەمینەخۆشکەری پەرەسەندنی بابەتی مێژوونووسیی بوون.

بێگومان ئەو رەوشەی کە لەسەدەی شەشەم و پێنجەمی پ.ز بەسەر گریگدا هات، زەمینەیان بۆ ئەم گۆڕانکارییە رەخساند. بەتایبەتی، پەرەسەندنی بیری رەخنەیی ئازاد و گەشەکردنی فەلسەفە و دواتر بەریەککەوتن لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆیان و پەرەسەندنی بازرگانی و تێکەڵی لەگەڵ گەلانی دیکە و ململانێی سەربازیی لەگەڵ فارسەکاندا. هەروەها هەوڵدان بۆ زانینی ریشەی بنەماڵەکان و شانازییکردن و شکۆدارکردنیان. هەموو ئەوانە هۆکارگەلێک بوون بۆ ئەو وەرچەرخانەی وایکرد لەلای گریگەکان گەڕان بەدوای ڕووداوەکانی رابردوو و تۆمارکردن و رەخنەکردنیان و قسەکردن لەژیانی گەلان و رەوشی گشتییان، لەپەنا باسی جەنگەکان و ململانێیەکان و پاڵەوانەکانیان، ببێتە خولیا و مەبەست و کارکردن.

لەراستییدا، هیرۆدۆتس خولیایەکی گەورەی گەڕان و کۆکردنەوە و تەتەڵەکردن و تۆمارکردنی زانیاریی و ڕووداوەکانی مێژوو بەزمانێکی پاراوو رازاوە هەبوو. ئەو بایەخی بە فاکتەری جیۆگرافی داوە و بە شێوەیەکی بابەتیی و دوور لەدەمارگیریی، هەوڵی وێناکردنی ڕووداوەکانی رابردووی داوەو باسی لە ململانێ و شەڕی نێوان فارسەکان و گریکەکان کردووە و هەوڵیداوە لە بڕیارداندا بێلایەنیی

بپارێزێت. هەرچەندە، ئەو لەگەڵ دانپیانانیدا بە ئازایەتی و خوڕاگریی فارسەکان، دڵخۆشیی خۆشی بەسەرکەوتنی دیموکراتی گریکیی بەسەر ئۆتۆکراتی ئیمپریالی فارسییدا، نەشاردۆتەوە. جگەلەوەی هیرۆدۆتس لەکاتی گێڕانەوەی رووداوەکانی رابردوودا، خۆی لە ئەفسانە و هەندێک لە چیرۆکە ناواقیعییەکان، لەپێناو چێژبەخشین بەخوێنەر، لانەداوە.

لەپاش هیرۆدۆتس، "توکوتیدس" ( ٤٥٦-٣٩٦ پ.ز) دێت کە لەرووی خۆبەدوورگرتن لە باسکردنی ئەفسانەکان و گەڕان بەدوای هۆکارە راستەقینەکانی رووداوەکان و فاکتەرە دنیاییەکان و وردیی زانیارییەکان، هەنگاوێک پێش هیرۆدۆتس کەوت. توکوتیدس کە سەبارەت بە جەنگی پلیپۆنیس (٤٣١-٤٠٤ پ.ز) و پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەسینای نووسیوە، زۆر لە رەخنەکردنی سەرچاوەکان و هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان و رێکخستنی مەتریاڵە مێژووییەکان و وێناکردنی رووداوکاندا، بەتوانا و لێهاتوو بوو.

لەپاش ئەوان، مێژوونووسانی ناوداری وەک "پۆلیبۆس" (١٩٨-١١٧پ.ز) هەن کە مێژوویەکی گشتی لەبارەی وڵاتی گریک و مەکەدۆنیا و ئاسیای بچووک و میسر و سوریە و چەند سوێنی دیکە و باسی پەرەسەندنی دەسەڵاتی رۆمانەکانی لەرۆژئاوا، لە کتێبێکی چل بەرگیدا، کۆکردۆتەوە. ئەو بە قووڵیی و وردیی لە رووداوە مێژووییەکانی کۆڵیوەتەوەو زۆر لێهاتووانە وێنەی کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک "هانیباڵ"ی پێشانداوە.

هەروەها مێژوونووسانی وەک "زەینەفۆن" (٤٣٠-٣٥٤ پ.ز) و "پلوتارخ" (٤٥-١٢٧ ز) لە مێژوونووسە ناودارەکانی گریکن، کە یەکەمیان شێوازی ئەدەبیی و دووەمیشان لەرێگەی نووسینی ژیانی گەورەپیاوانەوە، شێوازی ئەخلاقیی و مەبەستە ئاکارییەکان، بەسەر شێوازی نووسینەکانیاندا زاڵە.



هیرۆدۆتس

رۆمانەکانیش لەبواری مێژوونووسیدا هەمان رێچکەی مێژوونووسە گریکەکانیان گرتەبەر و لەوبوارەدا زێدەیەکیان نەهاویشتەسەر، تەنانەت زۆربەیان لەخوار ئاستی تۆکۆتیدس و پۆلیپۆسەوە بوون. لەوەش زێدەتر، بەناوبانگترین مێژوونووسەکانی رۆمان، بەرهەمەکانی خۆیان بەزمانی گریکی نووسیوە و بۆ خۆشیان بە رەگەز گریکی بوون. کۆنترین بابەتی مێژووی رۆمانیش کە مایەی بایەخی مێژوونووسەکانی رۆمان بووە، بریتییە لە جەنگەکانی گال (GALLIC WARS)ی یۆلیۆس قەیسەر (٥١١ پ.ز)، ئەوەی زۆر بەروونیی ئاماژەی بە هەشت هەڵمەتی سەربازیی کردووە بۆ فراوانکردنی سنووری ئیمراتۆرییەکە.

ناسراوترین مێژوونووسەکانی رۆمان: "سلۆستۆس" (٣٤-٨٦ ز) کە هاوسەردەمی یۆلیۆس قەیسەرە و فەرماندەیەکی سەربازییش بووە. ئەو سەبارەت بەرووداوەکانی سەردەمی خۆی نووسیویەتی و هەروەها سەبارەت بە جەنگەکانی یۆگارتی (JUGARTCHIC WARS)یش کە نزیک بەسەدەیەک پێش خۆی روویداوە، نووسیویەتی. لەپاس ئەویش "لیڤیۆس" ( ٥٩ پ.ز-١٧ز) ە کە مێژووی رۆمانی لەسەردەمی کۆمارییی و سەردەمی ئیمپراتۆرییی نووسیوەتەوە. سەدەیەکیش پاش ئەو، مێژوونووس "تاسیتۆس" (٥٥-١٢٠ز) هەیە کە پۆستی جێگری کۆنسوڵی هەبوو.ناوبراو بەزمانێکی فرە رەوان مێژووی رۆمای نووسیوەتەوە و ساڵ بەساڵ پیایدا هاتووەو تێکڕای ئەو رووداوە خراپ و بەدکارییانەشی باسکردووە کە لە کۆشکەکانی "تیبریۆس" (١٤-٣٧ز) و "نیرۆن" (٥٤-٦٨ز)دا روویانداوە. هەروەها هەوڵ و زانیاریی زۆر گرنگیشی سەبارەت بە خێڵە جێرمانییەکان راگواستووە. یەکێکی دیکە لە مێژوونووسەکانی رۆمانی "ترانکۆلیوس" ە کە لەسالانی (٧٥-١٦٠ز) دا ژیاوە.

## مێژوونووسیی لەلای موسوڵمانان

ئاشکرایە کە عەرەب پێش ئیسلام لە رێگەی شیعرەوە کە تێکەڵەیەک بووە لە راستیی و ئەفسانە رووداوەکان ، ئاوڕیان لە رووداوەکانی رابردوو داوەتەوە، بەتایبەتی "ایام العرب/ رۆژەکانی عەرەب" کە هەواڵی شەڕوشۆڕی نێوان عەشیرەتەکان و ریشەی ئەو عەشیرەتانە و باسی هەندێک لەوانەیان کە لەرۆژانی پێشوودا هەبوون و لەناوچوون. عەقڵییەتی عەرەب لەو سەردەمەدا، دەمارگیریی خێڵەکیی پێوەدیار بووەو مەیلی ئەفسانەخوازییان هەبووە و لەسەر پێداچوونەوە و توێژینەوە ئۆقرەیان نەبووە. لەم سەربەنەوە، مێژوونووسیی لەلای عەرەب و موسوڵمانان لەپاش هاتنی ئیسلامیش درەنگ کەوتووەو بەهۆی سەرقاڵییان بە ململانێ و شەڕو پەلامارەکانی دەرەوە، پاش تێپەڕینی نزیک لە دوو سەدە هەر دەستیپێنەکردووە.

دەتوانرێت فاکتەری بایەخی موسوڵمان بە مێژوونووسیی بۆ ئەم فاکتەرانەی خوارەوە بگەڕێنرێتەوە:

یەکەم - بۆ قووڵبوونەوە لەو چیرۆکانەی کە لەقورئاندا هاتوون (لقد كان في قصصهم عبرة لأولي الالباب) .

دووم – بایەخدان بەژیانی پەیامبەرو شەڕو پەلامارەکانی (السير و المغازي)

سێیەم – پەلامارو داگیرکارییەکان وایکرد تێکەڵ بەهەندێک گەل و ئاین و کەلتووری دیکەبن و هەوڵی ناسینیان بدەن.

چوارەم – بایەخی هەندێک لە خەلیفەکان بەزانینی چیرۆکی رابردووو پەندوەرگرتن لێیان، وەک: موعاویە و مەنسور و هارونەرەشید و مەئمون.

پێنجەم – دابەشکردنی تاڵانییەکان بە گوێرەی پێگە و ریشە و پێشینەی کەسەکان لەنێو ئیسلامدا (الانساب و العطاء).

شەشەم – بایەخدان بە ناسینی فەرمودەبێژەکان (طبقات الرجال و المحدثين).

شایەنی باسە، مێژوونووسیی لەلای موسوڵمانان چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەبووە، لەوانە:

یەکەم- مێژوونووسیی، بەبەراورد بە بابەتەکانی دیکە،هاندەری نێوخۆیی هەبووە و لەدەرەوە نەهاتووە.

دووم – رێکخستنی رووداوەکان بەگوێرەی ساڵەکان بووە (الحوليات).

سێیەم – هەوڵدان بۆ پێشاندانی زۆربەی گێڕدراوە جیاوازەکان.

چوارەم – زۆری بابەتە مێژووییەکان و مێژوونووسان.

پێنجەم – فرەجۆری بابەت و نووسینە مێژووییەکان کە دەکرێت وەک لای خوارەوە دابەشی بکەین:

أ- بابەت مێژووی گشتیی، هەروەک لەلای : تەبەری و ئیبین ئەسیر و مەسعودی و ئەبولفیدا و ئیبن خەلدون دەبینین.

ب- مێژووی تایبەت ، وەک: کتێبی مێژووی بەغدادی خەتیبی بەغدادی و مێژووی دیمەشقی ئیبن عەساکیرو مێژووی میسر و قاهیرەی سیوطی.

ت- مێژووی چین و توێژە جیاوازەکان، وەک : مێژووی خەلیفەکانی سیوطی و تەبەقاتی سەحابەی ئەلواقدی و وەفەیات ئەلئەعیانی ئیبن خلیکان و شیعر و شاعیرانی ئیبن قوتەیبە.



محەمەد کوڕی جەریر ئەلتەبەری


بێگومان، وێڕای زۆری بابەتی مێژوویی و بایەخی مێژوونووسیی لەلای موسوڵمانان، بەڵام ئەم بوارە لە کەموکوڕیی بەدەر نییە، کە گرنگترینیان:

أ- زیاتر رووداوەکانیان گێڕاوتەوە و لەرووی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنییەوە لاوازن (جگە لەئیبن خەلدون کە پێگەیەکی مەزن و تایبەتی خۆی هەیە).

ب- گیانی رەخنەگرتنیان لە سەرچاوە و زانیارییەکان لاوازە.

ث- مەزهەب و فیرقەگەرایی رۆڵێکی گەورە و هەژمونێکی زاڵی بەسەر نووسینە مێژووییەکاندا هەیە و مێژوونووسانی پێوە گیرۆدەبوون.

ج- بابەتە سیاسی و سەربازییەکان زیاتر جەختیان لێ کراوەتەوە و ئاوڕی کەمتر لەبوارەکانی ژیان دراوەتەوە.


الكامل في التاريخ
تاريخ ما قبل الهجرة النبوية الشريفة
المجلد الأول
دار الكتب العلمية


وفيات الأعيان
وأنباء أبناء الزمان
المجلد الثامن
دار صادر

## مێژوونووسیی لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا

ئاشکرایە کە دوای رووخاندنی رۆما بەدەستی خێڵە جێرمانییەکان لەساڵی ٤٧٦ی زایینییدا، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ئەورووپادا دەستییپێکرد کە بە سەدەکانی ناوەڕاست ناوەدەبرێت، ئەوەی ماوەی نزیکەی دە سەدەی خایاند. لەم ماوەیەدا، شێوازی فیوداڵیزم و دەسەڵاتی بارۆنەکان/ دەرەبەگەکان و کڵێسای مەسیحی، باڵی بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیی و ئاینییدا کێشا و تەواوی چالاکییەکانی ژیان، لەژێر هەژمونی ئەم سیستمەدا، بەڕێوەدەچوون. لەم قۆناغەدا، مێژوو وەک هەر بوارو چالاکییەکی دیکەی فەرهەنگیی، کەوتە ژێردەستی پیاوانی ئاینی مەسیحیی و ئاراستەی کڵێساوە و لەکڵاورۆژنەی بایەخدان بەژیان و سەرگوزشتەی کەسایەتییە ئاینییە پیرۆزەکان و پیاوە ناودارو درەوشاوەکانی ئاینی مەسیحیی و کڵێساوە، بەڕێوەدەچوو.

پێویستە بوترێت کە ئامانج لە مێژوونووسیی لەم قۆناغەدا، گەڕان نەبوو بەدوای راستیی رووداوە مێژووییەکانی رابردوو، بەڵکو چەند مەبەستی فێرکردن و پەروەردەیی و ئەخلاقی مەسیحییانە و وەبیرهێنانەوەی پەند و ئامۆژگاریی و بەها چەسپاوەکانی ئاینی مەسیحیی لەپشت ئەو نووسینانەوە بوون. هەر لەبەرئەوە، زێدەرۆیی لە پیاهەڵدانی ئەو کەسایەتییانە و پیرۆزگەرایی و جەختکردنەوە لەسەر ئاکارە بەرز و رەوشتە چاک و ئایندۆستیی و خواپەرستیی و بەها باڵاکانیان، لەو نووسینانەدا رەنگیداوەتەوە، بەشێوەیەک کە مەرج نییە سەرلەبەری ئەو نووسینانە لەگەڵ جۆری واقیعی ژیانی راستەقینەی ئەو کەسانەدا، هاوجووتبن.

لەراستییدا، مێژوونووسیی لەم قۆناغەدا، نووسینێکی ئاینیی و ئەخلاقییە و ئامانج لێی هاندانی خەڵکی مەسیحییە بۆ پابەندبوون بە ڕەوشتی بەرزی باوکانی کڵێسا و پیاوە مەزنەکانییەوە و جۆشدانی

ئاینیی و زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدان کە زمانێکی پەخشانئامێزو ئەدەبیی بەسەریدا زاڵە. نموونەی ئەم جۆرە نووسینە مێژووییەش، کە بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشووی مێژوونووسیی لە شارستانییەتی یۆنانی و رۆمانییدا، پاشەکشەی پێوەدیارە، بریتییە لە کتێبەکەی "قەشە جیرۆم" (٣٤٢-٤٢٠) بەناونیشانی "پیاوە بەناوبانگەکان" کە ١٣٠سەدوسی بەش لەخۆدەگرێت و هەربەشێکیشی بۆ ژیان و سەربوردەی کەسایەتییەکی ئاینیی مەسیحیی، تەرخانکردووە. هەروەها ئەو کتێبەی کە جینادیۆس لە ساڵی ٤٨٠ ی زاینی، وەک تەواوکەرێکی کتێبەکەی قەشە جیرۆم، بەهەمان ناونیشان نووسراوە. بەهەمان شێوە، بەرهەمەکەی "قەشە تریسمۆس" (١٤٦٢-١٥١٦) بە ناونیشانی "نووسەرانی کڵێسا، کە تیادا باسی لە ژیانی ٩٦٣ کەس لەپیاوانی کڵێسا کردووە و نووسینەکەی سادەیی و خورافەی بەسەردا زاڵە و زیاتر گێڕانەوەی مۆجیزە و کارە نائاساییەکانی ئەوانە بووە.


بێگومان لە کۆتا سێ سەدەی چاخی ناوەڕاستدا، هەندێک گۆڕانکاریی کەم بەسەر ئەم ئاراستەیەدا هات و نووسینی مێژوو بەگوێرەی ساڵەکان (کرۆنیکڵ) دەکەونە بەرچاو، وەک "مێژووی ئەنگلۆسەکسۆن" لەساڵی ١١٥٤ دا و "مێژووی نانت" لە فەرەنسا لە ١٠٤٩ و "مێژووی ئۆتۆ" ی ئەڵمانی تاوەکو ساڵی ١١٥٨. هەروەها مێژوونووسی ئەڵمانی "ڤۆن فرێزینگ" سەبارەت بە رووداوەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و هەروەها هێرشی دووەمی جەنگی خاچپەرستەکان بۆسەر جیهانی ئیسلامیی لە سەدەی دوازدەیەمدا، بەرهەمێکی جێهێشتووە.

شایەنی باسە، بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەنێوان کڵێسا و پیاوانی ئاینیی مەسیحی لەلایەک و خانەدانە فیوداڵ و چینی ئەریستۆکراتەکان لەلایەکی دییەوە هەبوو، لەسەدەی چواردەیەمدا لەپاڵ شێوە نووسینە باوەکەی مێژوودا، بایەخدان بە ژیان و سەربوردەی ژیانی خانەدانەکان هاتەکایەوە و هەندێک لەپاشا و خانەدانەکان، پشتیان بە قەشە و پیاوانی کڵێسا

دەبەست مێژوویان بۆ بنووسنەوە. ئەو نووسینانەی کە جەختی لە ئازایەتیی و قارەمانێتیی و شکۆمەندیی پاشاکان و خانەدانەکان دەکردەوە. بەم چەشنە، مێژوونوسیی کەوتە سەر رێچکەیەکی نوێ و لە خزمەتی کڵێسا و پیاوە پیرۆزەکانێوە بەرەو خزمەت و پیاهەڵدانی پاشاکان و دەوڵەت و بواری سیاسەت هەنگاوینا، ئەوەی تاوەکو قۆناغەکانی دواتریش لە ئەوروپا رەونەقی خۆی هەبوو.

لەراستییدا، مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست، بڕوایەکی رەهایان بە ویست و ئیرادەی خواوەند لە لەئاراستەکردنی ژیان و هێنانەئارای رووداوەکانیدا هەبوو. ئەوان بەو شێوەیە سەیری مێژوویان نەدەکرد کە تەنیا ململانێیەک بێت لەنێوان ئامانجەکانی مرۆڤداو مرۆڤیان وەک ئامرازێک لەچوارچێوەی ویست و ئاراستەیەکی غەیبانی و خوداییدا دەبینی و خودایان بەناوەندی بڕیاردان لە رووداوەکانی جیهان، لەقەڵەمدەدا. ئەوەش بارێکی گرانی خستبووە سەر دید و تێڕوانینیان بۆ مێژوو، عەقڵیانی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و سنووردارردا لەقاڵبدابوو، بەجۆرێک وێڕای ئەوەی سەرچاوەو ماتەریاڵێکی رەسەنی زۆری رابردوویان لەبەردەستدا بوو، بەڵام لەبەر نەبوونی رێباز و دیدگایەکی رەخنەیی و هەژمونی گەورەی ئیمانگەرایی و پیرۆزگەرایی و تەسلیمگەرایی و ئەو کۆتوبەندەی بەسەر شێوازی مێژوونووسییان سەپێنرابوو، نەیاندەتوانی بەڵگە و سەرچاوەکان رەخنە و تەتەڵە و بەراورد بکەن و ئەرکی سەرەکیی و یەکەمی مێژوونوسیی خۆیان لەبیرکردبوو، کە ئەوپەڕی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە راستیی رووداوەکان وەک چۆن روویانداوە. هەروەها بەرهەمەکانی مێژوونووسانی ئەم قۆناغە، لەرووی رەخنە و لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەوە لاوازییان پێوە دیارە و ئەو جەبرییەتەی بەسەر رێبازەکەیاندا سەپێنرابوو، لەهەڵهێنجانی هەر بنەما و یاسایەکی گشتکیر بێبەشی دەکردن، بەشێوەیەک بتوانن وەک ئاراستەکەرێکی رووداوەکانی مێژووی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پێشکەشی بکەن. ئەوەی لە قۆناغەکانی دواتردا، بەهۆی

گۆڕانکارییەکانی فیکر و رۆشنبیریی و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگاکانی ئەوروپییەوە، دەرکەی لەسەر کرایەوە.




قەشە جیرۆم



ڤۆن فرێزنگ

## مێژوونووسیی لە چاخی رێنیسانسدا

جیهانی ئەورووپیی، لە سەدەکانی پازدەیەم و شازدەیەم و دواتریش حەڤدەیەمدا، بەقۆناغێکی فرە گرنگی خۆیدا تێپەڕی کە بەچاخی رێنیسانس یان رابوون ناودەبرێت، ئەو چاخەی کە زەمینەی گواستنەوەی لەقۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی نوێ خولقاند. قۆناغێک تیایدا سیستمی فیودالّی و سەرخانەکەی کە باڵادەستیی جینی خانەدانەکان و کڵێسای کاسۆلیکی بوو، بەرەو داڕمان و هەڵوەشاندنەوە دەچوو. لەبەرامبەر ئەوەدا، دەرکەوتنی رۆڵی شارەکان لەژیانی سیاسی و ئابووریداو پشکوتن و گەشەکردنی چینی بۆرجوا بەشێوەیەک دەرکەوت کە چاویان بڕییە بەدەستهێنانی دەسەڵات و پەرەپێدان و پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانیان و هێنانەدی وەرچەرخانێک لە سەردەمی دەسەڵاتی فیودالّ و کڵێساوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسایەی پاشاکان و دامەزراندنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی ناوەندیی لەسەر بنەمای عەقڵ و دەسەڵاتی مەدەنی نەک بڕوا و دەسەڵاتی ئاینیی رەها.

لەراستییدا، ئەم وەرچەرخانە تەنیا لەژیانی بازرگانی و سیاسییدا قەتیس نەما کە سەرەتاکانی لە دەوڵەت شارەکانی باکووری ئیتالیا وەک فلۆرەنسا و ڤینسیا و جێنەوا دەستیپێکرد و دواتریش سەرجەم شارەکانی دیکەی ئیتالیای گرتەوە و بەرەو فەرەنسا و ئینگلتەرا و ئیسپانیا و هۆڵەندا و بەلچیکا و ئەڵمانیا، بڵاو بووەوە. بەڵکو بەپێی ئەم گۆڕانکارییانە، رابوونێکی هزریی و هونەریی و ئاینیش سەریهەڵدا کە داهێنانی نوێی هێنایەئارا، ئەوەی زەمینەی راگواستنی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ چاخی نوێ، رەخساند.

لەم رووەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەو رابوونە هزرییە بدرێت کە بە "مرۆڤگەرایی/هیومانیزم" دەناسرێت. ئەوەی کە جارێکی دیکە لەرێگەی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ و کەلتوری گریکیی و رۆمانیی و

بوژاندنەوەیان، بەهای مرۆڤ و تاکی گەڕاندەوە و کردییە بنەما و ناوەندی سەرجەم ڕووداوەکان و دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی. بەگوێرەی ئەم دیدە، چیدی مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ملکەچ و بێئیرادە و دەستەوەستانە نییە کە بەندی کۆتە غەیبی و ئاینییەکان بێت، کە لەدەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خۆیدا، بەسەریدا دەسەپێنرێت. ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، تەواوی سەرخانی کۆمەڵگا و کونوکەلەبەری بواری فیکرو ژیان و کەلتوری ئینسانی ئەوروپیی تەنیبوو.

هیومانیزم کە شۆڕشێکی ڕۆشەنبیریی سەردەمی ڕێنیسانس و لەهەناوی کۆمەڵگای هەڵوەشاوی دەرەبەگایەتییدا، لەپەنا چینی بۆرجوای تازە پشکوتودا سەریهەڵدا، بووە بنەما و پایەکی پتەوی کاری ڕۆشنبیرە مرۆڤگەراکان، ئەوانەی مرۆڤ سەنتەری هزرو بیرکردنەوەیان بوو. ئەوان پێیان وابوو کە ژیان لە شارەکاندا بابەتێکی مرۆیی رووتە و هێزە غەیبییەکان دەستوەردانی تێدا ناکەن. مرۆڤەکان لەپێناوی خودا و ڕۆژی دوایی ناژین، بەڵکو پێویستە لەپێناو خود و بەختەوەری خۆیاندا بژین. مرۆڤ هەرگیز بوونەوەرێکی گوناهبارو خەتاکار نییە، بەڵکو دەبێت لەرێگەی ئاوەزو عەقڵەوە بەهرە لە ئازادیی وەربگرێت و هێندە ئازایەتیی و هێزو خولیای هەبێت، کە ببێتە خاوەنداری جیهان و جێگرەوەی خودا لەزەویدا و سروشت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ملکەچ بکات و بەدوای زانستە دنیاییەکاندا بگەڕێت.

بەلای مرۆڤگەراکانەوە، بەهای مرۆڤ لە ریشەی بنەماڵە و شکۆو سەرکەوتنە سەربازییەکاندا نییە، بەڵکو لە کارکردن و چالاکیی داهێنەرانە و توانایەتی لەبەرهەمهێناندا. ئەوان پێیان وابوو کە دەوڵەت رەوایەتی خۆی لەخەڵکەوە وەردەگرێت، نەک لەخوداوە. ئەوان سیاسەتیان بە چالاکییەکی رووتی مرۆییانە دەبینی و لەهەموو پیرۆزییەکانی ئاین دایانماڵی. هەروەها رەخنەکردنی دەسەڵاتیان بەمافێکی رەوای خەڵک دەزانی و تەنانەت ئەگەر پێوست بکات،

یاخیببوون و شۆڕشیشیان لەدژی دەوڵەت بەمافێکی رەوای خەڵک لەقەڵەمدا.

بێگومان، ئەم سەرنج و دیدە نوێخوازە داهێنەرانەی مرۆڤگەراکان، پێ بەپێی ئەو شۆڕش و وەرچەرخانانە بوون، کە لەم قۆناغەی رێنیسانسدا، لەناوچە و وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپادا روویاندەدا، لەوانەش بزوتنەوەی چاکسازیی و ئەو شۆڕشە ئاینییانەی لەدژی کڵێسای کاسۆلیکی لەلایەن کەسانی وەک "مارتن لۆسەر" و رێبەرانی دیکەی جوڵانەوەی ریفۆرمی ئاینییەوە، سەریانهەڵدا. ئەوەی لەدەرەوەی رێبازی باوی کاسۆلیکی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست، زەمینەی بۆ پشکوتنی مەزهەبی پرۆتستانتیزم لەئاینی مەسیحیدا هێنایەئارا. ئەوەی لەگەڵ بەها بۆرجوازییەکاندا دەهاتەوە و لەکاتی خۆیدا گورزێکی گەورەبوو لە پەیکەرو رۆحی بەها باوەکانی بیروبڕوا سەپێنراوەکانی کڵێسای کاسۆلیکی و عەقڵییەتی فیودالی و ئەریستۆکراتی وەشێنرا و پاشەکشەیەکی گەورەی پێکرد.

هەروەها داهێنانەکانی دیکەی بواری فەلەکناسیی، بەتایبەتی تیۆرەکەی "کۆپەرنیکۆس" (١٤٧٣-١٥٤٣) سەبارەت بە رەتکردنەوەی سەنتەربوونی زەوی لەکەوندا و سەلماندنی ئەو راستییەی کە زەوی بەشێکی بچووک لە کەونێکی بێکۆتا پێکدەهێنێت، راستییەک بوو کە پایەیەکی سەرەکیی هزرو بڕوای باوی کڵێسای کاسۆلیکی، دارمان. زێدەباری ئەوەش، دۆزینەوە جیۆگرافییەکان، ئەو دیدە ئەوروپییە تەنگەتیلەیەی رەتکردەوە کە ئەوروپا سەنتەری جیهانە و وایکرد مەودای بایەخدان بە بەشەکانی دیکەی جیهان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە ژیان و ژینگەی گەلانی نائەوروپی و زمان و داب و نەریت و سامانە مادییەکانیان، زێدەتربێت. ئەوەشی ئەم گۆڕانکاریی و داهێنانەی زیاتر چەسپاند و پەرەی پێدا، بریتیبوو لە داهێنانی چاپخانە لەلایەن "گۆتێنبێرگ"ی ئەڵمانییەوە لە ساڵی ١٤٥٥دا، هەروەها ئەو شۆڕشەی کە بەهۆی ئەم داهێنانەوە لەبواری چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و خوێندەواریی

و رۆشنبیریی و هۆشیارییدا هاتەئارا. ئەوەش وایکرد، چیدی فیکرو نووسین لەبندەستی بژاردەیەکی دیارییکراوی باڵای کۆمەڵگا و زمانێکی وەک زمانی لاتینییدا بەتەنیا قەتیس نەبێت، بەڵکو نووسین و بەرهەمە هزری و عەقڵییەکانی بیرمەندان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەستاودەست بکەن و بڵاوببنەوە. هەروەها زمانی میلەتانی وەک فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی و ئەوانی دیکەی ئەورووپی، ببنە زمانی نووسین و داهێنانی نووسەرو بیرمەندەکانیان.

بێگومان، مێژوونووسیی لەم قۆناغەدا پریشکی گەورەی ئەم گۆڕانکاریی و داهێنانانەی چاخی رێنیسانسی بەرکەوت و بۆخۆشی رۆڵی بەرچاوی لە بەرەوپێشچوونی قۆناغەکەدا بینی. مێژوونووسانی ئەم قۆناغە، لەسایەی بیری مرۆڤگەرایی و لە فەزای پڕ ململانێی چاکسازییە ئاینییەکان و داهێنان و دۆزینەوە زانستییەکان و بڵاوبوونەوەی نووسین و چاپەمەنییدا، ئەسپی خۆیان تاودا و بوونە بەشێکی زیندوو لەهێزی وەرچەرخێنەری قۆناغەکە و وێڕای لەمپەری زۆر و بەربەرەکانییەکان، رۆڵ و ئەرکی مێژوویی خۆیان بەزیادەوە بینی.

شایەنی باسە، مێژوونووسێکی وەک "لۆرێنزۆ ڤالا" ی ئیتالی (١٤٠٧-١٤٥٧) کە توانی لەرێگەی دیدی رەخنەییەوە، ساختەبوونی "بەخششی قوستەنتین"بسەلمێنێت، گورزێکی گەورەی لە دەسەڵاتی پاپا و کڵێسا وەشاند و ژێرپێی شکۆ و دەسەڵاتی لەرزاندن و ئەو راستییە شاردراوەیەی دەرخست کە پاپاو کڵێسای کاسۆلیکی لەماوەی چوار سەدە لەسایەی بەڵگەنامەیەکی ساختەوە، رەوایەتییەکی رەهایان بە دەسەڵاتی خۆیان بەخشیوە.هەروەها مێژوونووسی ئیتالی "نیکۆلا میکیاڤیللی" (١٤٦٩-١٥٢٧) نووسەری کتێبی بناوبانگی "میر" هەوڵیدا لەرێگەی خوێندنەوەی مێژووی شارە دەوڵەتەکانی ئیتالییاوە بیسەلمێنێت، کە سیاسەت و حوکمڕنیی و رووداوەکانی زادەی ململانێ و پەیوەندییەکانی نێوان خودی مرۆڤن و لەخولگەی خولیا و ئارەزوو و دەسەڵاتخوازیی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ خۆیدا

دەسوڕێتەوە و کردەیەکی ئاینی و ئەخلاقی نییە هەروەک لەقۆناغی پێشوودا، پیاوانی کڵێسا بانگەشەیان بۆ دەکرد.




لۆرێنزۆ ڤالا

مێژوونووسانی چاخی رێنیسانس، بە متمانەیەکی زۆر و بە دیدێکی رەخنەگرانەوە و لەسە بنەمای عەقڵێکی نائاینییانە، کەوتنە خوێندنەوەی رووداوەکانی رابردوو، ئەوان بۆ یەکەمجار مێژوویان بۆ چەند قۆناغێکی زەمەنی دابەشکرد و چەمکی "سەدەکانی ناوەڕاست"یان بەکارهێنا و هەوڵیاندا لەبری مێژووی کڵێسا و پیاوەکانی، مێژووی نیشتیمان بنووسنەوە. هەروەک چۆن "فرانسیسکۆ گویجاردینی" (١٤٨٣-١٥٤٠) میژووی ئیتالیای لە چوار بەرگدا نووسییەوە.



نيكۆلا ميكياڤيللى



فرانجيسكۆ گويجاردينى

وێڕای هەموو ئەوانەی باسکران، هێشتا سەبارەت بە مێژوونووسانی قۆناغە کۆمەڵێک کەموکورتی باسی لێوەدەکرێت لەوانە:

- مێژوونووسانی قۆناغی ڕێنیسانس، زێدەڕۆییەکی زۆریان سەبارەت بە بنەماکانی مرۆڤگەرایی و ئازادیی و ئیرادەی مرۆڤ هەبوو، ئەوەش وایکردبوو بە گەشبینییەکی زۆرەوە بڕواننە ئەو قۆناغە مێژووییە و بەختەوەریی مرۆڤ لەسایەی ئاراستە نوێیەکەی سەردەم کە لەگەڵ ڕژێمە کۆنەکەدا، لە ململانێدا بوو. ئەوەش دواجار دیدی ئەوانی نەچەسپاند و پاش سەرکەوتنی بۆرجوازیی و هەژمونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان، کێشەی قووڵ و توند بەرۆکی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی گرت.

- سەرسوڕمانی مێژوونووسانی ڕێنیسانس بە چاخەکانی دێرین و شارستانی کۆنی گریکی و ڕۆمانی لەلایەک و دوژمنایەتییان بۆ فەرهەنگی هەژمونداری سیاسی و ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست و دژایەتییان بۆ کڵێسای کاسۆلیکی، وایکرد بەچاوێکی نزمەوە بڕواننە ئەو قۆناغە و بابەتییانە لە هەردوو سەردەمەکە وەک پێویستدەکات نەڕوانن و دواجار ئەنجامگیری نەکەن.

- ئەوان پێیان وابوو کە مێژوو و ئەدەب دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، هەربۆیە بایەخێکی زۆریان بە ڕازانەوەی زمانی نوسین و ڕەوانبێژیی لەسەر حسابی ڕێباز دەدا.

- ڕاستە مێژوونووسانی ئەم قۆناغە ئاینیان لەبازنەی بایەخی خۆیان دوورخستۆتەوە و وازیان لەپیاهەڵدانی کڵێسا و پیاوەکانی هێناوە، بەلام لەبری ئەوە ڕوویان لە ژیانی سیاسی و دەرباری پاشا و میری دەوڵەتشارەکان کرد و جۆش و خرۆشی خۆیان بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و بەناوەندییکردنی

دەسەڵاتی سیاسی و دژایەتیی پەرتەوازەیی سیاسی و دەرەبەگایەتی نەشاردۆتەوە و لایەنگرییان لە موڵکایەتی تاک بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کردووە. نموونەی ئەو مێژوونووسانە کەم نین کە ئومێدێکی گەورەیان بە حوکمی پاشاکان بووە و تەنانەت ئەوانەشی بەشێوەی ستەمکارانە و رەها، حوکمیانکردووە.

## مێژوونووسیی لە چاخی ڕۆشنگەرییدا

ئەگەر چاخی ڕێنیسانس ئەو قۆناغە بێت کە تیایدا مێژوونووسیی یەکەمین هەنگاوی خۆی بە ئاراستەی دەرچوون لەژێر پەردەی هەژموونی کڵێسا و دوورکەوتنەوە لە فەرهەنگی سەدەکانی ناوەڕاست نا، ئەوا مێژوونووسیی لە سەدەی حەڤدەیەمدا، هەنگاوێکی چەسپاوتری لەو مەیدانەدا هاویشت و هەلومەرجە سیاسیی و ئابووری و فەرهەنگییەکەی ئەم قۆناغە و پەرەسەندنی بەشێوەیەکی وەرچەرخێنەر، ڕەوشێکی شایستە و ئەرێنیی خستەبەردەم مێژوونووسیی، تاوەکو لە ئایندەدا، بەئاراستەی زانستێکی سەربەخۆ و خاوەن ڕێبازێکی تۆکمە، ڕێبکات.

لەم قۆناغەدا، بواری مێژوو تەنیا لەچوارچێوەی بایەخی مێژوونووساندا نەمایەوە، بەڵکو سەرکەوتن و پەرەسەندنەکانی بواری زانستی سروشتیی و هەروەها فراوانبوونی مەوداوی گەنگەشە و باس و بابەتە فەلسەفییەکان، زەمینەیەکیان هێنایەئارا، کە بابەتی مێژوو ببێتە مایەی سەرنج و بایەخی ژمارەیەک لە بیرمەندان وزانایان و فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە و تەواوی داهێنان و ئەنجامی پێشکەوتنەکانیان لەبوارە جیاوازەکانی خۆیاندا، ڕەنگدانەوەی کاریگەری لەسەر وەرچەرخان و گوڕانکاریی و پێشکەوتنی بواری مێژوو و مێژوونووسیی، هەبوو.

شایەنی باسە، بەردەوامی لێدان لە قەڵای فیوداڵیزم و داڕمانی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، لەلایەن چینەکانی بۆرجواوە لەژێر ناوی "ئازادیی" و لەپێناو بەدەستهێنانی پێگەی زێدەتر لەبوارەکانی ئابووری و سیاسییدا و کۆمەڵایەتییدا، زەمینەیەکی گونجاوی بۆ پەرەسەندنی بزاڤی فیکریی و ڕۆشەنبیریی و زانستیی، ڕەخساند. داڕمانی ئابووری لادێ و پەرەسەندنی ئابووری شارو گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی

و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان، مەودای کۆنترۆڵی مرۆڤی بەسەر سروشتدا، زێدەترکرد. چەمکەکانی ئازادیی، عەقڵانییەت، زانستخوازیی و پێشکەوتن، لێرە بەدواوە، بوونە چەمکگەلێک کە هێزێکی کاریگەری لەهاندانی پەرەسەندنی فیکری مرۆڤایەتییدا هێنایە ئارا و چاوی خەڵکی سەبارەت بە ژیان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کردەوە و هۆشیارییەکی نوێی خولقاند. هەر لەم رووەوە، جوڵانەوەی فیکریی و رۆشنبیریی لەوڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا، بەتایبەت لە بەریتانیا و فەرەنسادا، پێی نایە سەردەمێکی نوێوە کە بە "رۆشنگەریی" ناودەبرێت. ئەو سەردەمەی تیایدا رۆشەنبیران و بیرمەندان، بەبڕوایەکی پتەو و ئازایەتییەکی زۆرەوە، کەوتنە وێزەی بیر و جیاوک و هەژموون و مێژووی کڵێسا و رژێمە پاشایەتییەکان و ئەو بڕوایانەی لەسەر بنەمای دەمارگیریی ئاینیی و خورافات دامەزرابوون.

رۆشنبیران و بیرمەندانی ئەم قۆناغە، قسەیان لەدژایەتیی هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتیی دەکرد و بانگەشەی پەروەردەکردنی کۆمەڵگایان لەسەر بەها نوێیەکانی ژیان دەکرد کە بڕوابوونە بە عەقڵ و زانست و لێبوردەیی و ئازادیی و شایستەیی مرۆڤ بۆ پێشکەوتن و پێگەیشتن، هەروەها بۆ بەگژداچوونەوەی خورافات و نەترسان بەرامبەر هێزە غەیبییەکان، لەگەڵ بەدکاریی پیاوانی ئاینیی و ستەمکاریی فەرمانڕەواکان و وەستانەوە دژی جەنگەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە. ئەوان بڕوا و متمانەیەکی رەهایان بە عەقڵ و زانست و رۆڵی لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتییدا هەبوو. بێگومان فراوانبوونی پەیوەندییەکانی ئەورووپییەکان لەگەڵ شارستانییەکانی دیکە لەو قۆناغەدا، ئاسۆی گەشەکردنی بیر و رۆشنبیرییانی فراوانترکرد.

فەیلەسوفی بەریتانی "تۆماس هۆبز" (١٥٨٨-١٦٧٩) پێی وابوو کە تاکگەرایی بەهای راستەقینەیە و مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆپەرستە و بەرژەوەندیی تایبەت و حەزی قازانج دەیبزوێنێت و لەخەمی پاراستنی ئاسایش و سامانی خێزانەکەیەتی و پاش سەردەمێکی زۆر


لەجەنگ و ئاڵۆزیی و پشێویی، لەپێناوی بەرژەوەندیی و ئاسایشی خۆی، وازی لەبەشێک لە ئازادییەکانی خۆی هێناو چووە ژێر سایەی دەوڵەتێکی پێکهێنراو، تاوەکو بەپارێزراوی بمێنێتەوە. بەم شێوەیە، هۆبز، پێی وابوو کە دەوڵەت زادەی ویست و بەرژەوەندیی خودی مرۆڤە، نەک زادەی ویستی هێزێکی غەیبانی و نادیار.

هەر لەم بارەیەوە پێویستە ئاماژە بەو راستییە بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە، هەرچەندە فەیلەسوفی فەرەنسی "رێنییە دیکارت" (١٥٩٦-١٦٥٠) هەڵوێستێکی تەمومژاویی لەهەمبەر مێژوو هەبوو، بەڵام ئەو رێباز و بنەمایەی سەبارەت بە زانست و گومانی زانستیی لەپێناو هێنانەئارای بناغەیەکی چەسپاو بۆ زانستەکان دایهێنا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی گەورەی کردە سەر بواری مێژوونووسیی و هانی مێژوونووسانی دا، کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە و لەسەر ئەو بنەمایانە، رێبازێکی تۆکمە لەسە بنەماکانی رەخنە و گومان و بەراورد و هەڵهێنجان و پەنابردنە بەر عەقڵ وەک ئامرازێک بۆ بڕیاردان لە راستگۆیی سەرچاوەکان و راستی رووداوەکانی مێژوو، دابمەزرێنن. ئەمەش هاندەرێکی مەزن بوو بۆ ئەوەی چیدی بێ رەخنە و بەدواداچوون و خوێندنەوەیەکی ورد و هەمەلایەنی عەقڵانییانە، بڕوا بە هیچ سەرچاوە و زانیارییەکی مێژوویی نەکەین و جڵەوی خۆمانی رادەست نەکەین. هەروەها هەوڵبدرێت جگە لە بەڵگەی نووسراو، بەدوای بەڵگەی مادیی دیکەشدا بگەڕێین بۆ دەرخستنی راستییەکانی رووداوەکانی مێژوو، بەتایبەت لەم قۆناغەدا، بایەخدان بە زانستەکانی " نووسینە هەڵکۆڵراوەکان / Epigraphi " هەروەها دراوناسی و نەخشەکان و بەڵگە نەنووسراوەکان، لەبردەودا بوو.

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە مێژوونووس و فەیلەسوفی ئیتالی "ڤیکۆ" (١٦٨٨-١٧٤٤) بە پێشکەشکردنی سەرنج و تێبینییە وردەکانی سەبارەت بە مێژوو و زانیاریی مێژوویی، چەندین بنەمای سەرەکیی بۆ بەرەوپێشچوونی رێبازی مێژوونووسیی دانا، کە رۆڵی لە

پێشکەوتنی ئەم بوارەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەبوو. ڤیکۆ بەشێوەیەک سەیری مێژووی دەکرد کە سەربوردەی دەرکەوتن وگەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و سیستمەکانێتی، ئەوەی هاوشێوەی سروشت لەسایەی چەندین بنەما و یاسای چەسپاوەوە دەبزوێت و گۆڕانی بەسەردا دێت. بەلای ڤیکۆوە، مرۆڤ هێزی بزوێنەری سەرەکی قۆناغەکانی مێژووە کە لە چوار قۆناغ پێکدێت: چاخی هێزو دڕندەیی، چاخی خواکان، چاخی پاڵەوانەکان، چاخی مرۆڤایەتیی. بەلای ئەوەوە هەریەک لەم چاخانە تایبەتمەندی وردی خۆیان هەیە. هەروەها، ڤیکۆ سوودی لەو ڕێبازی لێکۆڵینەوەییە رەخنەییە شیکارییە بینی کە بەرهەمی هەوڵی بیرمەندانی سەدەی هەڤدەیەم بوو، ئەو مێژوونووسانی لەوە ئاگادارکردەوە کەخۆیان لەو هەڵە سەرەکییانە لابدەن کە دەشێت لەبواری مێژوونووسییدا، ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئەوانەش:

- زێدەڕۆیی لە سەرسوڕمان بە هێز و دەستکەوتەکانی قۆناغە مێژووییەکانی ڕابردوو تارادەی نەبینینی ڕاستییە مێژووییەکان وەک خۆی.
- خۆ بەمەزنزانی و لوتبەرزی گەلەکان و ڕازاندنەوەی ڕابردووی خۆیان بێ ئاوڕدانەوە لە کەموکورتی و لایەنە نەرێنییەکانیان.
- خۆبەزلزانی مێژوونووسان خۆیان.
- هەڵەی پێویست بە سەرچاوەکان بەشێوەیەک کە مێژوونووس پێی وابێت ئەگەر دوو گەل سیستمێکی هاوشێوەیان هەبێت، ئەوا یەکیکیان لەوی تریانی وەرگرتووە.
- هەڵەی ئەوەی کە مێژوونووس پێی وابێت کە کەسانی سەردەمی ڕابردوو زیاتر لەبارەی لەسەردەمەکەی خۆیانەوە دەزانن.



هۆبز



دیكارت



ڤیکۆ



ڤۆلتێر



مۆنتسكيو



كۆندرسيێ

شایەنی باسە، تاوەکو سەدەی هەژدەیەم، ژیان و سەرگوزەشتەی پاڵەوانان و شۆڕەسواران و پاشاکان لەبایەخی مێژوونووسییدا، بەشی شێری بەرکەوتبوو، بەڵام لەپاش شۆڕشی فەرەنسی لە ١٧٨٩ دا، ئەم ئاراستەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو داکشان چوو. کاریگەرییە ئاینییەکان کەمبوونەوە و وێناکردنە غەیبانییەکان پاشەکشەیان کرد.

هەر لەم رووەوە، پێویستە ئاماژە بە فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی "مۆنتسیکیو" (١٦٨٩-١٧٥٥) بکرێت، کە رۆڵی هۆکارە غەیبانییەکان و رێکەوت و بەختی لەرووداوەکانی مێژوو دوورخستەوە و لەبری ئەوە جەختی لەکۆمەڵێک فاکتەر و بنەمای جۆربەخۆر کردەوە وەک : کەش و هەوا، شوێنی جیۆگرافی، مەزهەبیی و ئاینی، جۆری ئاکار و رەوشت و چەندین هۆکاری تر کرد کە مێژووی مرۆڤایەتیی لەئاستە گشتگیرەکەیدا ئاراستە دەکەن.

هەروەها لەسەربەنی بیرۆکەی حەتمییەتی پێشکەوتن و رانەوەستانی میژوو لەسەر بنەمای هێزی عەقڵ، فەیلەسوفی فەرەنسی "جان ئەنتوان کۆندەرسێ" (١٧٤٣-١٧٩٧) بەرهەمێکی خۆی بەناونیشانی : "هەوڵێک بۆ وێناکردنێکی مێژووی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتیی" بڵاوکردەوە کە تیایدا ململانێی درێژخایەنی ئادەمیزادی لەدژی ستەمکاری سیاسی و دەمارگیریی پیاوانی ئاینیی خستبووە بەرچاو. هەروەها کۆندۆرسێ لەم بەرهەمەدا ئاماژەی بەوەدابوو کە مرۆڤ خۆی خودای خۆیەتی و توانای پەرەسەندنی و پێگەیشتنی هەیە. ئەو داوای نەهێشتنی جیاوازیی ئاستی نێوان نەتەوەکان و تەنانەت لەناو خودی گەلێکیشدا دەکرد و بانگەشەی بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکرد.

لەراستییدا، کاتێک باس لە رەوشی مێژوونووسیی لەم قۆناغەدا دەکرێت، ناکرێت ئاماژە بە فەیلەسوف و بیرمەند و ناوداری فەرەنسی "فرانسوا ماری ڤۆلتێر" (١٦٩٤-١٧٧٨) نەدەین، ئەوەی بەرهەم و

دیدو بۆچوونەکانی لەدژی ستەمکاریی سیاسی و ئایینیی، رۆڵێکی گرنگی فیکرییان لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسییدا گێڕا. هەروەها ناوبراو بە دید و سەرنجەکانی، کاریگەریی زۆریان کردە سەر بەرەوپێشچوونی ئاراستەی مێژوونووسیی لە سەدەی هەژدەیەمدا. ڤۆلتێر، لەبایەخدانی مێژوویی خۆیدا، پشتی کردە باسی میرو وەزیر و ژێنراڵەکان و بەرووی بواری نوێی وەک دانیشتووان و رەوشی ئابووری و بازرگانیی و پیشەسازیی لەلای گەل و نەتەوەکاندا، کرایەوە. ئەو پێی وابوو مێژوو بایەخدانە بە ژیان و پێشکەوتنی گەلان نەک ژیانی تایبەتی پاشاکان ، مێژوو تەنیا باسی سیاسەت و جەنگ و دپلۆماسیی نییە، بەڵکو مێژووی ئابووری و دیمۆگرافی و مێژووی ئاکارو تەکنیکەکانە. مێژوو، میژووی بونیادە نەک تەنیا رووداوەکان. مێژوو مێژوویەکی گشتگیرە و بە تەنیا باسی رووداوەکانی رابردووی ناوچەیەکی دیاریکراو نییە.

هەرلێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەریەک لە مێژوونووس و فەیلەسوفی فەرەنسی "جان لو رون دالامبیر "(١٧١٧-١٧٨٣) و "دێنیس دیدرۆ" (١٧١٣-١٧٨٤) کە لە یەکەمینەکانی ئەوانە بوون کە لەم قۆناغەدا هەوڵی دانانی بنەمای مێژوویەکی مادییان داوە. ئەویش لەرێگەی وێناکردنی تابلۆیەک سەبارەت بە گەشەکردنی تەکنیکی و دەستکەوتە مادییەکانی مرۆڤایەتی هەر لە سەردەمە دێرینەکانەوە تاوەکو سەدەی هەژدەیەم.

مێژوونووسانی ئەم قۆناغە، بەجۆشێکی زۆرەوە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دیدە خورافی و ئاینییەکانیاندا کە پێشتر مێژوونووسان لە لێکدانەوەکانیاندا بۆ مێژوو، پشتیان پێ دەبەست. هەروەها پشتگیریی ئەو داهێنان و بەڵگە زانستییە نوێیانەیان دەکرد کە زانایانی سروشتناسیی و جیۆلۆجی، سەبارەت بە دەرکەوتنی ژیان و بوونەوەران، پێشکەشیانکرد. ئەوەی سەلماندیان کە زۆر لەوە کۆنتر و ئاڵۆزترە کە پیاوانی ئاینیی جوولەکە و مەسیحی، دیارییان کردووە. هەروەها دابەشکردنی قۆناغەکانی مێژوو بۆ : کۆن و ناوەڕاست و

نوێ لەبری مێژووی بتپەرستیی و مێژووی مەسیحی، بەرهەمی سەردەمی رۆشنگەرییە.



دالامپیر



دیدرۆ

خۆ ئەگەر بمانەوێت ئاماژە بە کەمێک لە کەموکوڕییەکانی مێژوونووسانی قۆناغی رۆشنگەریی بدەین، ئەوا دەکرێت بڵێین:

- مێژوونووسانی قۆناغی رۆشنگەریی عەقڵگەرابوون و وێڕای ئەوەی هەندێک بایەخیان بە رەخنەگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکان داوە، بەڵام ئامانجی ئەوان کۆکردنەوەی رووداوەکان و کەڵەکەکردنی زانیارییەکان و وردەکارییەکان نەبوو، بەڵکو سەلماندنی کۆمەڵێک راستی دیارییکراو و رەتکردنەوەی خورافاتە کۆنەکان و بەرجەستەکردنی بیرۆکەی پێشکەوتن بوو. ئەوان کاریان گەڕان بوو بەدوای لێکدانەوە عەقڵانییەکان بۆ رابردوو و پێشنیارکردنی بیرۆکەکان بوو لە بارەی داهاتووەوە، بۆئەوەی ئەوە ببەخشنە خەڵکی، کە بەهۆیەوە دەست بەسەر چارەنووسی خۆیاندا بگرن.
- مێژوونووسانی عەقڵگەرا، خۆیان بەخاوەنی پەیامێکی مێژوویی بۆ " ئێستا و داهاتوو" دەزانی، ئەوان تا رادەیەکی زۆر ئایدیالیست بوون. ئەوان پێیان وابوو فاکتەرە فیکرییەکان، فاکتەری دیارییکراوی گەشەکردنی مرۆڤایەتیین و وێڕای بایەخدانیشیان بە فاکتەرە مادییەکان، بەڵام ئەوانەی دواییان بە فاکتەری لاوەکی دادەنا. ئەوان مێژوویان بە گەنجینەیەکی پەروەردەیی دەزانی کە هاندەری پێکەوەژیانی مرۆڤ و یەکترپەسەندکردن و گیانی لێبوردەیی بێت لەنێونیاندا، دژ بە بیروباوەڕی سەردەمی تاریکیی و دەمارگیریی پیاوانی ئاینیی.
- ئەوان رۆشەنبیری سەردەمی خۆیان بوون و پەیوەستبوون بە کێشە و ململانێیەکانی سەردەمی خۆیانەوە، بەو هۆیەشەوە، ئاوڕییان لەرابردوو دەدایەوە و ئیلهامیان بۆ دۆخی "هەنوکەیی" لێ وەردەگرت، نەک لەپێناو توێژینەوە لەخودی رووداوەکانی رابردوودا خۆیاندا.

- مێژوونووسی چاخی ڕۆشنگەریی، زۆربەی جار بایەخیان بە هونەری زمان و ڕەوانبێژیی لەسەر حسابی ناوەڕۆک دەدا. بۆ نموونە: ئەو کتێبەی کە ڤۆلتێر بەناونیشانی "سەردەمی لویسی چواردەیەم" کە لە ساڵی ١٧٥١ دا، نووسیویەتی.

## مێژوونووسی ڕۆمانتیکی

لە بەرامبەری هەڵکشانی شەپۆلی مێژوونووسیی عەقڵگەرا، کە بە گەشبینییەکی زۆرەوە، بەردەوام جەختیان لە ڕۆڵی لەرادەبەدەری عەقڵ لە ئاراستەکردنی مێژووی مرۆڤایەتیی دەکردەوە، ڕێبازێکی نوێ دەرکەوت، کە بە ڕەوتی ڕۆمانتیکی ناوزەد دەکرێت و چەق و ناوەندەکەی لە ئەڵمانیادا بوو. ئەو ئەڵمانیایەی کە هێشتا لەسەردەمی ڕۆشنگەرییدا، کەمتر شەپۆلی هەڵشکانی ئابووری سەرمایەداریی و شۆڕشی پیشەسازیی و دەرکەوتنی چینی بۆرجوازیی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان گرتبوویەوە و کۆنپارێزیی و بەخۆنازیی تێدا بەهێزبوو. وێڕای ئەوەش، هێشتا ئەم ڕەوتە لە ئایندەدا، کارگەرییەکی زۆری لە پێشخستنی بواری مێژوونووسییدا هەبوو. ڕۆمانتیکەکان پێیان وابوو کە مرۆڤ بەتەنیا عەقڵ نییە، بەڵکو هەست و ویژدانیشە، ئەوەی کە عەقڵ نەتوانێت درکی بکات، دڵ و هەست دەتوانن.

لەراستییدا، ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسیی لە ١٧٨٩دا و ئەو ڕەوشە ئاڵۆز و توندوتیژەی لەئەنجامی شۆڕشەکە فەرەنسا و تەواوی ئەورووپای گرتبۆوە، زەمینەیەکی لەباری بۆ دەرکەوتن ڕەوتی مێژوونووسیی ڕۆمانتیکی ڕەخساند. ئەوانەی دژی شۆڕشەکە و پەلاماردانەکانی بۆسەر چینی ئەریستۆکرات و کڵێسا و دامودەزگا و کەلتوری قۆناغی رابردوو وەستانەوە و پێیان وابوو کە شۆڕشەکە لەبنەڕەتدا کودەتایەک بووە لەلایەن کەمینەی توندڕەوەکانەوە دژ بەرژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و لەپێناو بەرژەوەندی کەسییدا، ئەنجامدراوە.

شایەنی باسە، ڕەوشی ئەورووپای پاش شۆڕشی فەرەنسی، ڕەوشی دەرکەتن و هەڵکشانی بیری نەتەوەیی و گەشکردنی بوو لەوڵاتانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسپانیا..هتد. ئەوەی زەمینەی بۆ گەشەکردنی بایەخی مێژوونووسان ڕەخساند بۆ گەڕان بەدوای ڕیشەی گەل و

نەتەوەکانیان لە رابردوودا. هەروەها بایەخدان بە مێژوو و مێژوونووسیی و کردنەوەی مۆزە و دامەزراوە ودەزگای تایبەت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و سەرچاوە و ئاسەوارە کۆنەکان ئەرشیفکردنیان، ئەوە جگە لە دانان و بایەخدان بە وانەی مێژوو لە پرۆگرامی تەواوی قۆناغەکانی خوێندن، هەر لە سەرەتاییەوە تاوەکو زانکۆکان و خوێندنی باڵا.

سەبارەت بە مێژوونووس و بیرمەندانی رەوتی رۆمانتیکی، دەتوانرێت بوترێت کە ئەوان بەسەر دوو بەرەدا، دابەش دەبن. بەرەی یەکەمیان، کە زۆرینە بوون، سەر بە چینی خانەدانەکان بوون و پایەو پێگەی بەرزیان لە دەوڵەتدا هەبوو. ئەوان شۆڕشی فەرەنسییان بە نەهامەتییەکی گەورە دەبینی و بەگومانەوە سەیری هەموو جوڵانەوەیەکی جەماوەرییان دەکرد و ترسیان لە ئاینده هەبوو. ئەوان پێیان وابوو کە واقیع پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە دەڕوات، کە عەقڵگەراکان وێنای دەکەن. هەروەها بە دڵبەندیی و سۆزێکی زۆرەوە، سەیری رابردوویان دەکرد، بەتایبەتی سەدەکانی ناوەڕاست. ئەوان بەهاکانی قۆناغی دەرەبەگایەتیی و دەسەڵاتی کڵێسایان بە بەهای نموونەیی دەناساند. هەربۆیە زیاتر بەیاخیان بە ژیانی خانەدانەکان و شۆڕەسوارەکان و جەنگی خاچپەرستەکان، دەدا.

بەرەی دووەمی رەوتی رۆمانتیکی، کەمینەبوون و سەر بە چینی بۆرجوا بوون، بەڵام لە پاشەکشەی دەسەڵاتدارانی بۆرجوازیی و نەچەسپاندنی دیموکراتی و مافی ئازادی گەلان، بێزار و دڵشکاو بوون. ئەمە و جگە لەبێزارییان لەو توندوتیژیی و جەنگە خوێناویی و وێرانکارییەی کە لەو قۆناغەدا، فەرەنسا و ئەورووپای گرتبۆوە. ئەم بەرەیە زیاتر لە نووسینەکانیاندا، بایەخیان بە وەرزێران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا و زەحمەتکێشان دەدا.

مێژوونووسە رۆمانتیکەکان، ژیانی مرۆڤایەتییان بە قۆناغگەلێکی لێکدانەبڕاو دەبینی کە هەریەکەیان زەمینەیان بۆ هاتنی ئەوەی دوای خۆیان خۆشکردووە وناکرێت بەچاوێکی دوژمنانە و نەیارانەوە لەهیچ

کام لەو قۆناغانە بڕوانرێت. ئەوەش واتای روانینە بۆ مێژوو بەشێوەیەکی گشتگیر، هەر لە پشکوتنەوە بۆ شکۆفە و پێگەیین.

هەرچەندە، ئەوان پێیان وابوو کە هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی چیاوازی خۆی هەیە کە ریشەکەی لە زمان و فەرهەنگ و شێوازی گەشەکردنی مێژووییەتی. رووداوەکان و دامەزراوە و دەزگاکان و یاسا و رێساکانیش، رەنگدانەوەی ئەو رۆخی تایبەتیی نەتەوەییەیە. ئەوان دەوڵەتی نەتەوەییان بە بەگونجاوترین چوارچێوە بۆ بوونی گەلان و هاندان و داهێنانەکانیان دەزانی و لەگەڵ ئەو تاکگەرایی و کۆسمۆپۆلیتیزمەدا نەبوون کە عەقڵگەراکان بانگەشە و پشتگیرییان دەکرد. ئەوەش زیاتر هاندەریان بوو تاوەکو زیاتر لە ریشە و مێژووی گەلەکانیان و زمان و دابونەریت و دەزگاکان و یاسا و پاڵەوانەکانیان بکۆڵنەوە و بۆ هەموو وردەکارییەک و گێڕانەوەیەک بگەڕێنەوە کە ئاماژەی مێژوویی تێدابێت و لەو بوارەدا هیچ شتێک پشتگوێ نەخەن و بێبایەخی نەبینن.

دواجار، پەیڕەوانی رەوتی رۆمانتیکی لەم قۆناغەی مێژووی ئەوروپادا زۆرن، هەر لەشاعیر و ئەدیب و فییلەسوفەوە تاوەکو دەگاتە بواری مێژوونووسیی. بەڵام لێرەدا راستییەک هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە دیاییکردنی نووسەرە رۆمانتیکەکان کەمێک لە پەیڕەوانی رەوت و قوتابخانەکانی دیکە ئاڵۆزترە. لەم رووەوە سەرچاوەکان ئاماژە بەچەند ناوێک دێنن کە نووسەری فەرەنسی "جۆزیف دی مایستەر" (١٧٥٣-١٨٢١) و "فرانسوا شاتوبێریان " (١٧٦٨-١٨٤٨) و هەروەها لە ئەڵمانیاش "یۆهان گۆتفرێد هیردەر " (١٧٤٤-١٨٩٣) و "یۆهان گۆتلیب فیشتە" (١٧٦٢-١٨١٤) و "فردریش شیلەر"(١٧٥٩-١٨٠٥) بوون. شایەنی باسە، زۆرجار ناوی رۆسۆ و هیگڵیش لەنێو بیرمەندانی رۆمانیتک دێت. بێگومان رۆمانتیکەکان لەئەڵمانیا دامەزرێنەرو برەوپێدەری "هزری ئایدیالیستی ئەڵمانی" و فوپێداکەری "رۆحی مەزنی نەتەوەی ئەڵمانی" بوون.



مایستەر



شاتوبێریان




هیردەر



فیشتە

پێویستە بوترێت کە مێژوونووسانی رۆمانتیک زیاتر بایەخیان بە مێژووی دەوڵەت و یاساکان دەدا و کەمتر خۆیان لە بابەتی ئابووری و فەرهەنگی و ئاینیی دەدا. هەروەها بازمانێکی ئەدەبی و شاعیرانە دەیاننووسی کە چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەبەخشی.

لەلای مێژوونووسانی رۆمانتیک، گێڕانەوە و وردەکاریی رووداوەکان جێی بایەخی زێدەتر بوو تاوەکو لێکدانەوە و شرۆڤەکاری رووداوەکانی رابردوو. لەلای ئەوان مێژوو تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش بوو نەک نووسینی زانستیی و شرۆڤەی فەلسەفییانە. جگەلەوەی جەختکردنەوەی هەندێکیان لەسەر رۆحی نەتەوە ون باڵادەستیی و تایبەتمەندیی نەتەوایەتیی، هەندێکیانی بە ئاراستەی رەگەزپەرستیی و شۆڤێنیزمدا برد.



شیلەر

## مێژوونووسیی لەسەدەی نۆزدەیەم و ڕەوتی ڕێبازگەرایی

سەدەی نۆزدەیەم بە سەدەی مێژوو ناودەبرێت، چونکە مێژوو لەم سەدەیەدا، لەهەر ماوەیەکی دیکەی پێش خۆی، لەرووی رێباز و شێوازی توێژینەوە، پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی و لەم رووەوە، دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێنا. مێژووش وەک لقەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، رێچکەی سەربەخۆ و تایبەتی خۆی گرتەبەرو توانی لە ژانەرەکانی دیکەی وەک ئەدەب و فەلسەفە، خۆی بەدووربگرێت و لە سەر پێی خۆی بوەستێت و هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت. هەروەها بەگرتنەبەری چەندین بنەما و شێوازی تایبەت بەخۆی، وابکات کە مێژوونووسیی لەسەر ئاستی ئەکادیمی زێدەتر پرۆفیشناڵ بێتەمەیدان.

شایەنی باسە، لەم سەدەیەدا، بابەتەکانی کۆمەڵناسی و دەرونزانیی ئەزمونیی و ئەنترۆپولۆژیا، لەسایەی پەرەسەندنی زانستگەرایی و ئەزمونگەرایی و پۆزفیتیزمدا، پێش مێژوو هەوڵیاندا بە پابەندبوون بە بەکارهێنانی رێبازی توێژینەوەی زانستیی، وەک لقی زانستیی سەربەخۆ لەسەر پێی خۆیان بوەستن. ئەوەش دەرفەتێکی گونجاوی خستە بەردەم مێژوو وەک لقێکی مەعریفیی، بەپشتبەستن بەرێبازی زانستیی مێژوویی، کە بەئاراستەی زانستییبوون و ئەکادیمییبوون، هەنگاوبنێت. ئەو هەنگاوەی کە سەرەتاکەی لەئەڵمانیەوە و لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، لەسەر دەستی کۆمەڵێک مێژوونووسی وەک : "تیۆدۆر مۆمسن"( ١٨١٧- ١٩٠٣) و "لیۆبۆڵد ڤان رانکە" (١٧٩٥-١٨٨٦) و "هاینرش سیپاڵ" (١٨١٧-١٨٩٥) دەستیپێکرد و لەوێشەوە بەرەو فەرەنسا رۆیشت و مێژوونووسانی وەک : "ئەرنست رینان" (١٨٢٣-١٨٩٢) و "شارل سینوبوس" (١٨٥٤- ١٩٤٢) و "فیکتور لانگلۆیس" (١٨٦٣-١٩٢٩) کردیانە رەوتێکی هەرە چەسپاوی مێژوونووسیی کە لەسەراسەری ئەوروپاو ئەمریکا و

وڵاتانی دیکەی جیهان ، بە ژاپۆنیشەوە، بڵابۆوە و تاوەکو ساڵەکانی دووەمین جەنگی جیهانیی لەسەدەی بیستەمدام بێ رکابەر مایەوە.


مێژووسانی رێبازگەرا یان رانکەیی، لەو بڕوایەدابوون کە هەروەک چۆن زانستە سروشتییەکان، ئەزمونەکانی خۆی لەسەر مادە ئەنجامدەدات، مێژوونووسیش دەتوانێت بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی نووسراو، زانستییبوونی خۆی بەرجەستەبکات. هەربۆیە، ئەوان بەڵگەنامەیان بە ئامرازێکی ناوەندیی لە پرۆسەی مێژوونووسییدا دەزانی و پێیان وابوو کە بەڵگەنامە ئەو مادە خاوەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین بزانین خەڵکی لە رابردوودا چیان وتووە و چیان کردووە و چۆن ژیاون و چۆنیان بیرکردۆتەوە. لەبەرئەوە، ئەوان بەڵگەنامەیان بە بەردی بناغەی مێژوونووسیی و کەرەسەی بنەڕەتیی مێژووسازیی و دەرخەری راستییەکانی رووداوەکانی رابردوو دەزانی و بەلای ئەوانەوە لەهەرکوێ بەڵگەنامە نەبوو، مێژووش نابێت.

رانکە، کە لەساڵی ١٨٢٤دا، کتێبەکەی خۆی بەناونیشانی "مێژووی گەلانی لاتینی و جێرمانی" بڵاوکردەوە، تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە میژوونووسیی لەسەر بنەمای تێبینییکردنی زانستیی و لەسەر بەڵگەنامە و تێگەیشتنی بابەتیی راوەستاوە. لەو رووەشەوە، چەند بنەمایەکی کردە بناغەی مێژوونووسیی کە دواتر لەلایەن هەر یەک لەمێژوونووسانی فەرەنسی، لانگلوا و سینوبوسیش، جەختیان لێکرایەوە و لادان لەو بنەمایانەشیان بەلادان لە رێبازی زانستیی میژوونووسیی لەقەڵەمدا. ئەو بنەمایانەش بریتیبوون لە:


یەکەم : بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و شیکاریی و رەخنەکردنی لە دەرەوە و ناوەوە. لە دەرەوە بەوەی کە ئایا بەڵگەنامەکە رەسەنە یان ساختە؟ کێ نووسیویەتی؟ کەی نووسراوە..هتد. هەروەها لە ناوەوەش بەوەی تەواوی زانیارییەکانی ناو ئەو بەڵگەنامەیە دەپشکنرێت و راستی لە ناراستی تەتەڵەدەکرێت و جیادەکرێتەوە.



رانکه



مۆمسن



رينان



لانگلۆيس

دووەم: دیارییکردنی ڕووداوەکان و دڵنیابوون لە کات و شوێن و چونێتیی ڕوودانیان.

سێیەم : ڕێکخستنی ئەو ڕووداوانە و گێڕانەوەیان لەچوارچێوەی کات و ساڵەکەی بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی و لەکۆنەوە بۆ دواتر.

چوارەم : خۆ بەدوورگرتن لە حوکمدان و بڕیاردان لەڕووداوەکانی ڕابردوو. خۆبەستنەوە تەنیا بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی. واتە، مێژوونووسی ڕێبازگەرا، میژووی لەپیناوی میژوودا دەویت، نەک لەپێناو ئێستا و بەمەبەستی پەندوەرگرتن بۆ داهاتوو. لەم ڕووەشەوە، پێیان وابوو کە مێژوو توانای گێڕانەوەی تەواوی وێنەی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ڕابردووی هەیە!

شایەنی باسە، مێژوونووسانی ڕێبازگەرا پێیان وابوو کە نابێ هیچ پەیوەندییەک مێژوونووس بە بابەتە مێژووییەکەوە ببەستێتەوە. ئەوان پێیان لەسەر خۆداماڵین لە هەر لاگرییەکی سیاسی و هزریی و ئاینیی و نەتەوەیی و هەر هەست و سۆزێکی لاوەکیی دیکە دادەگرت کە وا لە مێژوونووس بکات لاگرانە هەندێک لە بەڵگەنامەکان دەسکەنە بکات و هەندێکی دیکەش بەئەنقەست وەلابنێت و پشتگوێیان بخات. هەروەها خۆبەدوورگرتن لە پەنابردن بۆ مەزەندەکردن و گریمانە بۆ دەربڕینی دید و وێناکردنی ڕووداوە میژووییەکان بێ وەستان لەسەر بەڵگەنامەی نووسراو و سەرچاوەی مێژوویی کە ئەو دیدە بسەلمێنێت. لەوەش زیاتر، مێژوونووس پێویستە لە خوارەوەی لاپەڕەی توێژینەوەکانی، زانیاری پێویست لەسەر بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکانی پێشانی خوێنەر بدات و پەراوێزو ڕوونکردنەوەی تایبەتی سەبارەت بە ناوەرۆکی بابەتەکەی هەبێت، جگە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی لە لیستێکدا لەکۆتایی توێژینەوەکەی. هەروەها بگەڕێتەوە بۆ ئامار و داتا و نەخشە و هێڵە بەیانییەکان بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕووادوە مێژووییەکانی. هەروەها نووسین بەزمانێکی زانستیی بابەتیی پوختی بێ گرێوگۆڵ و

درێژدادڕیی و خۆبەدوورگرتن لە رازانەوەی ئەدەبیی و رەوانبێژیی لەسەرحسابی راستییە زانستییەکان، یەکێکبوو لەو پێویستییانەی کە مێژوونووسیی رێبازگەرا، جەختیان لێدەکردەوە.

هەر لەم سەربەنەوە، مێژوونووسیی رێبازگەرا و رەوتی رانکەیی مێژوونووسیی، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند و بەرهەمگەلێکی بەرفراوانی مێژوویی سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و بیۆگرافیای کەسایەتییە ناودارە کاریگەرەکان، بەگوێرەی گێڕانەوەی زەمەنیی کرۆنۆلۆجی، بڵاوکرانەوە. بۆنموونە: تیۆدۆر مۆمسن لەنێوان ساڵانی ١٨٥٤-١٨٨٦ هەشت بەرگی سەبارەت بە مێژووی رۆما نووسی و تیایدا بە وردیی ئاماژەی بە رەوشی کارگێڕیی و ئابووری و سیاسی ئیمپراتۆرییەکە، داوە. هەروەها بەرهەمێکی سەبارەت بە هەڵکۆڵراوە لاتینییەکان بڵاوکردەوە کە ١٠٠ هەزار هەڵکۆڵراو لەخۆدەگرێت. هێنری سیپالیش لە ساڵی ١٨٥٩دا، بۆ یەکەمجار بە هاوکاریی لەگەڵ مێژوونووسانی دیکەی وەک "تۆهان دروزین"، "گۆڤاری مێژوویی" بڵاوکردەوە. ئەوەی بووە مۆدێلێک و لە فەرەنساش لە ١٨٧٦ و لەئیتالیا لە ١٨٨٤ و لەئینگلتەراش لە ١٨٨٦دا، لەرێگەی دامەزراوە زانستییەکانیانەوە، گۆڤاری مێژووی تایبەت بە خۆیان بڵاوکردەوە.

هەروەها لەبریتانیا "ئێدوارد فریمان" (١٨٢٣-١٨٩٢) دانراوێکی مێژوویی شەش بەرگی سەبارەت بە "مێژووی داگیرکاریی نۆرماندی بۆ ئینگلتەرا " بڵاوکردەوە کە پشتی بە بەڵگەنامە و گێڕانەوەی ورد بەگوێرەی ساڵەکان بەستبوو. لەئەمەریکاش، مێژوونووسی رانکەیی "جورج بانکروفت" کە پێشتر لەزانکۆکانی ئەڵمانیا خوێندبووی، کتێبێکی مێژوویی ١٠ بەرگی سەبارەت بەمێژووی ئەمریکای باشوور لە دۆزینەوە جیۆگرافییەکانەوە، بڵاوکردەوە. هەر لەئەمریکا، "جۆرج ئادەمز"(١٨٥١-١٩٢٥) کە مێژوونووسێکی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، لە ساڵی

١٨٩٥دا، رۆڵێكی گەورەی لە دامەزراندنی گۆڤاری مێژوویی ئەمریكییدا بینی.

شایەنی باسە، مێژوونووسیی ڕێبازگەرایی لە فەرەنسادا زۆر بە بایەخەوە ئاوڕی لێدرایەوە و ڕەوشی فەرەنساش لەپاش شۆڕشی ١٧٨٩ و ڕووداوەكانی دواتر، هاندەرێكی سەرەكیی ئەم بایەخە بوو. چونكە لەو ماوەیەدا، بایەخدان بە مێژوو و بەڵگەنامە و ئەرشیفكردنیان و دامەزراندنی دەزگا و دامەزراوە بۆ ڕێكخستنی بەڵگەنامەكان، زۆر جێگەی بایەخی حكومەت و دەسەڵاتدارانی فەرەنسیی بوو. جگە لەوە، هەندێك لە مێژوونووسانی دیاری فەرەنسی، هاوشێوەی "ڤیكتۆر دوری" (١٨١١-١٨٩٤) پێگەو پۆستی گەورەیان لە بواری سیاسەت و پەروەردەدا پێدرا. هەروەها هەوڵ و ماندووبوونی هەندێك لەوانەی كە پێشتر لە زنكۆكانی بەرلین و لایپزیک لەئەڵمانیا خوێندبوویان، مێژوونووسیی ڕانكەیی پەرەپێدا. لەم ڕووەشەوە، دامەزراندنی " گۆڤاری مێژوویی" لەلایەن مێژوونووس "گابریل مونود" (١٨٤٤-١٩١٢) وە، لەساڵی ١٨٧٦دا، بڵاوكرایەوە. هەروەها بلاوكردنەوەی كتێبێک لەلایەن هەردوو مێژوونووس : لانگلۆیس و سینوبوس، بەناونیشانی " دەروازەیەک بۆ توێژینەوە مێژووییەكان " لە ١٨٩٨ دا، مێژوونووسیی ڕێبازگەراییان لەفەرەنسادا خستەسەرپێ، ئەوەی كە لە سەرچاوەكاندا بە "قوتابخانەی سۆربۆن" ناسراوە.

خۆئەگەر بشمانەوێت قامک بخەینە سەر ئەو ڕەخنەو كەموكورتییانەی ئاراستەی ئەم ڕەوتە كراون، دەتوانین بڵێین:

- جێبەجێكردنی ڕێبازەی زانستیی سروشتیی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتییدا، بۆخۆی هەوڵێكە مایەی مشتومڕە. چونكە مرۆڤ مادەیەكی خاوی سروشتیی نییە تاوەكو هەموو كارو هەڵسوكەوتەكانی بە یاسای زانستە سروشتییەكان بپێورێن و هەڵسەنگێنرێن.



سينۆبوس



مونود


- ئەوەی رانکە پێی لەسەر دادەگرت کە دەتوانرێت بە پشتبەستن بە رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، تەواوی راستییەکانی رابردوو وەک خۆی بخرێتە بەرچاو، ئەوەش بۆخۆی مایەی مشتومڕە. چونکە هەن پێیان وایە کە مێژوو هەرگیز وەک خۆی دووبارە نابێتەوە و مێژووسازیی کاری مێژوونووسە و گێڕانەوەی رووداوەکانی پێشووە بێئەوەی بتوانێت ژیان بەبەری ئەو رووداوانە بکاتەوە. ئەوەی هەیە تەنیا سەرنج و دیدی جیاوازی مێژوونووسەکانە سەبارەت بەو رووداوانە نەک رووداوەکانی پێشوو وەک خۆی، کە ئەوە کارێکی مەحاڵە.

- بابەتیبوون و خۆبەدوورگرتنی مێژوونووس لە سۆز و لاگریی نەتەوەیی و هزریی و سیاسی و هەستە تایبەتەکان، بابەتێکە هیچ گرەنتییەکی چەسپاوی نییە. بەتایبەت روەتی رێبازگەرایی لەکاتێکدا سەریهەڵدا کە کێشە و ململانێیەکی زۆر لەنێوان وڵاتانی ئەورووپادا هەبوو، بەدیارییکراوی لەنێوان فەرەنسا و ئەڵمانیادا. لەم قۆناغەدا، مێژوو ببووە ئامرازێک بۆ جۆشدانی گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و یەکخستنی ریزەکان و بەهێزکردنی بنەماکانی دەوڵەت نەتەوە و سەروەریی و باڵادەستیی لەناوخۆ و دەرەوەدا. بۆنموونە: مێژوونووسێکی وەک ئارنست رینان، پێیی وابوو کە مێژوو ئامانجی دروستکردنی "هاوڵاتی چاک ، دەنگدەری چاک و سەربازی چاک"ە. هەروەها ئەو جوڵانەوەی کۆڵونیالیزمی پێ بابەتێکی ئاسایی بوو. پێی وابوو کۆلۆنیالیزم بەخێر دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتانی سەرمایەدار و رێگە لە ناکۆکیی نێوخۆ و سەرمایەداریی دەگرێت. لەراستییدا، ئەم جۆرە دید و راوبۆچوونانە وایکرد، مێژوونووسان لەم وڵاتانە و لەسایەی دەوڵەتی بۆرجوازی و سیستمە سەرمایەدارییەکانیانەوە، بەئاراستەی ناسیونالیزمی پەلاماردەرانەدا بڕۆن، کە دواجار

دەرکەی لەبەردەم ململانێی و فراوانخوازیی و کێشەی ئاڵۆزتر و هێرشی وڵاتانی ئەوروپی بۆ سەریەکتر و جەنگە جیهانییەکان کردەوە.

- مێژوونووسی رێبازگەرا زیاتر پشتی بە بەڵگەنامەی نووسراو دەبەست و پێی وابوو شایستەترین بەڵگەنامەکان ئەوانەن کە لەسەردەمی رووداوەکانەوە نزیکترن. لەکاتێکدا مێژوونووسی هاوچەرخی بەریتانی "کولنجود" پێی وایە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوە هەن کە دەکرێت بۆ مێژوونووس ببنە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی زانیاری پڕبەهای مێژوویی. میژوونووس دەبێت لەهەر شتێک و زانستێکی داهێنەرانە سوود وەربگرێت بۆ گەیشتن بە راستی رووداوەکانی رابردوو کە یەک لەوانە یادوەریی و قسەی شایەنحاڵەکان و زانیاریی زارەکییە.

- دواجار، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئابووریناس "فرانسوا سیمیان" (١٨٧٣-١٩٣٥) بە سێ بتەکە : بتی سیاسی، بتی بیۆگرافیا و بتی کرۆنۆلۆجی ناویدەبات، وادەکات زۆر بواری دیکەی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیی لەماوەی درێژخایەندا ئاوڕی لێنەدرێتەوە، وەک بوارەکانی : فەرهەنگیی ، هونەر، پەروەردە، ئەدەب، دابونەریت، توێژەکانی کۆمەڵگا..هتد.



بانكروفت




دورى

## مارکسیزم و مێژوونووسیی

ئاشکرایە کە مارکسیزم یەکێکە لەو ڕێبازە هەرە گرنگانەی کاریگەریی مەزنیان لەسەر زانستە مرۆڤایەتییەکان و بواری مێژوونووسیی لەسەدەی بیستەمدا هەبوو. ئەم ڕێبازە، لەسەر دەستی فەیلەسوف و ئابووریناسی بەناوبانگ "کارل مارکس" (١٨١٨-١٨٨٣) و بەهاوکاریی "فریدریک ئەنجلز" (١٨٢٠-١٨٨٥) ی هاوڕێی، لەکۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، سەریهەڵدا.

شایەنی باسە، هەلومەرجی ئەوکاتی ئەورووپا و قەیرانە جۆربەجۆرەکانی، بەتایبەت جوڵانەوە لیبراڵی و نەتەوایەتییەکان و شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ و پاشان شۆڕشی کرێکارانی پاریس "کۆمۆنەی پاریس" لە ١٨٧١دا و دەرکەوتنی قەیرانەکانی سیستمی سەرمایەداریی و داواکاریی چین و ڕوێژە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەش داواکاریی و جوڵانەوەکانی کرێکارانی پیشەسازیی "پرۆلیتاریا"، هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ مارکسیزم خولقاند.

بێگومان ئەوەش ڕاستییەکی چەسپاوە کە مارکس بۆ هێنانەئارای مارکسیزم، سوودێکی زۆری لە بیر و هزرو بەرهەمەکانی زانا و بیرمەند و فەیلەسوفەکانی پێش خۆی و سەردەمەکەی خۆی بینیوە، بەتایبەتی بیردۆزی پەرەسەندی "چارلس داروین" و هەروەها فەلسەفەی ئەڵمانی (دیالێکتیکی هیگڵ و ماتەریالیزمی فیۆرباخ )، هەروەها ئابووری سیاسی بەریتانی (بەتایبەت ئادەم سمیس) و پاشان سۆسیالیستی فەرەنسی (سان سیمۆن و هاوشێوەکانی). سوودوەرگرتن لەم بەرهەم و تێڕوانینانە و داڕشتنەوەیان لەچوارچێوەی فەلسەفەیەکی نوێدا، کە وەڵامدەری قۆناغەکە و پێکدژییەکان و داواکارییەکانی بێت و بانگەشەی زانستیبوون و ئەخلاقیبوون پێکەوە و هەروەها هاوجووتکردنی تیۆرو پراکتیک و لێکدانەوەی واقیع و هەنگاونان بۆ

گۆڕانکاریی لەهەمان کاتدا بکات، بۆخۆی بایەخێکی گەورەی هەبوو. جگە لەوەی کاریگەرییەکی گەورەشی لەسەر سەرجەم جیهان و تەواوی کایەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری هەبوو. لەراستییدا، رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی مارکسیزم لەسەدەی بیستەمدا بەجۆرێک بوو، یارو نەیار حسابی تایبەتییان بۆ دەکرد.

مارکس و ئەنجلز، جگە لە وتارەکانیان، لەرێگەی نووسین و کتێبە بڵاوکراوەکانیانەوە وەک : "مانیفێستۆی کۆمۆنیست" لە ١٨٤٨ و "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی" لە١٨٤٥-١٨٤٦، "بنەماکانی ئابووری" لە ١٨٥٧، "بەشداریی لە رەخنەی ئابووری سیاسی" لە ١٨٥٩، "هەژدەیەمئ برۆمیری لویس پۆناپارت " لە ١٨٥٢ و "کاپیتاڵ" لە ١٨٦٧ و "بنەمای خێزان و موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەت" لە ١٨٨٤دا، بناغەی مارکسیزمیان دارِشت کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی، بە مێژووشەوە، خستۆتە بەر باس و شیکاریی و لێکدانەوە و ئەنجامگیریی.

لەراستییدا، مارکسیزم فەلسەفە و تێڕوانینێکی مادییانەیە پێی وایە کە بوونی مادیی، هۆش و ئاگایی دیاریدەکات و جیهان بوونێکی سەربەخۆی مادییە و بەهۆی هێزێکی نێوخۆییەوە نەک دەرە کیی پێشدەکەوێت و بنەمایە. بەگوێرەی مارکسیزم، هۆشیاریی وئاگایی زادەی واقیعی مادیی و رەنگدانەوەیەتی. مرۆڤ ئەفرێنەری هزرەکان و هەموو وێناکردنەکانە و کارەکتەری سەرەکییە لە سروشت و مێژوودا.


مارکسیزم، لەرێگەی ماتەریالیزمی مێژووییەوە، بایەخێکی زۆر بە بونیادی مادیی و رۆڵی فاکتەری ئابووری لەژیان و مێژووی مرۆڤایەتیی دەدات. پێی وایە کە ئەو شێوازەی مرۆڤەکان پێویستییە مادییەکانی خۆیانی پێ بەرهەمدێنن، فاکتەرێکی دیاریکەری مێژووی مرۆڤایەتییە و شێوەی جۆربەجۆری رەوشە کۆمەڵایەتییەکان، زادەی شێوازی جۆربەجۆری بەرهەمهێنانە، کە ئەویش بۆخۆی زادەی ئاستێکی پەرەسەندن و دیارییکراوی هێزەکانی بەرهەمهێنانە کە

یەکسانە بە کۆی هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەرچاوەو کەرەسە خاوە مادییەکان، لەگەڵ توانا جەستەیی و عەقڵییەکانی مرۆڤ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مادیی قۆناغێکی مێژوویی دیارییکراودا. دیارە هێزەکانی بەرهەمهێنانی ئەو قۆناغە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییانەی کە مرۆڤەکان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەناچاریی پێکەوە دەبەستێتەوە، ژێرخانی مادیی قۆناغە مێژووییە دیارییکراوەکە پێکدەهێنن و ژێرخانی هەر قۆناغێکیش، سەرخانی کۆمەڵگاکە لەو قۆناغەدا دیارییدەکات کە تەواوی چالاکییەکانی (سیاسی، یاسایی، ئیداریی، فکریی، ئاینیی و هونەریی و بەها باوەکانی قۆناغەکە) دەگرێتەوە.

ماتەریالیزمی مێژوویی، کە پایەیەکی سەرەکیی مارکسیزمە، جەختیت لەوە دەکاتەوە کە: مێژووی مرۆڤایەتیی بەئاراستەیەکی گەشەکردن و پێشکەوتندا بە زەبری فاکتەری بونیادی مادیی و ئابوورییدا بەڕێوەدەچێت. ئەوەی لەئەنجامی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی مادیی و دەرکەوتنی موڵکایەتیی تایبەتەوە، هەنگاوی بەرەو شارستاییەت ناوە و یەکەمین قۆناغی ژیانی چینایەتیی لەکۆمەڵگادا هێناوەتەئارا کە نموونەکەی لە مێژووی شارستانییەتی گریکی و رۆمانەکاندا بەرجەستەدەبێت. پاشان لەژێر زەبری ململانێی چینایەتیی نێوان کەمینەیەکی چەوسێنەری خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ زۆرینەیەکی چەوساوە کە هێزی سەرەکی راستەقینەی بەرهەمێنانن (ئازادەکان و کۆیلەکان ، فیوداڵ و جووتیاران، سەرمایەدار و کرێکاران) مێژووی مرۆڤایەتیی لە قۆناغێکەوە بۆ ئەوی دی دەچێتە پێش و بەو چەشنە مرۆڤ لە کۆمۆنی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی کۆیلایەتیی و لەوێشەوە بۆ فیوداڵی یان دەرەبەگایەتیی و لەوێشەوە بۆ سەرمایەداریی، ئەوەی کە لەدابەشکردنی قۆناغە میژووییەکان بە قۆناغی کۆن و ناوەڕاست و نوێ، دیارییدەکرێت.



مارکس



ئەنجڵز

شایەنی باسە، مارکسیزم دەوڵەت بە ئامرازێکی دەستی چینی چەوسێنەری باڵادەست و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەزانێت بۆ سەرکوتی زۆرینەی چەوساوە بەرهەمهێن. هەروەها بڕوای بە حەتمییەتی مێژوویی و رۆڵی چینی چەوساوە لە شۆڕش و راپەڕینەکانی مێژوودا هەیە و پێشی وایە لەسیستمی سەرمایەدارییدا، ئەرکی چینی پرۆلیتاریا کە کرێکارانی پیشەسازیین، یەکگرتن و راپەڕینە لەدژی پەیوەندییەکانی سیستمی سەرمایەداریی و هێنانەئارای کۆمەڵگایەکی بێ چین و یەکسان و دادپەروەر و بی چەوسانەوەیە.

بەم شێوەیە، مارکسیزم پێی وابوو کە سەرمایەداریی دوا قۆناغی ژیانی چینایەتیی مرۆڤایەتییە و بەلێکدانەوە مێژووییەکانی لە مێژووی کۆن (رووخاندنی رۆما و شۆڕشی کۆیلەکان) و ناوەڕاست (شۆڕشی جووتیاران و روخاندنی دەرەبەگایەتیی پاش شۆڕشی فەرەنسی) و هەروەها بە لێکدانەوە و شیکاریی بۆ دۆخی هەنوکەیی سەرمایەداریی لە سەدەی نۆزدەیەم و دژبەیەکیی و قەیران و ئاڵۆزییەکانی لەڕێیدابوو، پێشبینی رووخانی سەرمایەداریی و هەنگاونان بەرەو کۆمۆنیزمی دەکرد، ئەویش لەرێگەی هەڵگیرسانی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ولاتانی سەمایەداری پێشکەوتووی ئەوروپای رۆژئاواوە. لەراستییدا، لەماتەریالیزمی مێژووییدا: بوونی مادیی ، پەرەسەندنی مرۆڤ، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، موڵکایەتیی تایبەت، دەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتیی و ململانێی چینایەتیی، ژێرخان مادیی ، دەوڵەت وەک ئامرازێکی ستەمکاریی چینایەتیی، شۆڕشە کۆمەلایەتییەکان، خەبات بۆ سیستمێکی سۆسیالیستی و بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوە (کۆمۆنیزم) بیرۆکەی ناوەندیی بوون .

ئەوەش راستە کە لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی لە روسیا لە ساڵی ١٩١٧ و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤێت،مێژوونووسیی مارکسیی بووە رێبازێکی فەرمیی مێژوونووسیی لەو وڵاتانە و دواتریش لە تیکڕای ئەو وڵاتانەی پاش دووەمین جەنگی جیهانیی، کەوتنە نێو بەرەی بلۆکی سۆڤێتییەوە و هەزاران کتێب و لێکۆڵینەوەی

مێژوویی لەسایەی ئەم رەوتەدا سەبارەت بە رووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتیی نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام کارگەریی مارکسیزم و ماتەریالیزمی مێژوویی لەسەر مێژوونووسیی هەر لەوڵاتانی سۆسیالیستییدا قەتیس نەما. بەڵکو لەئەنجامی رەوشە ئاڵۆزەکەی جیهانی سەمایەداریی لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانیی، بەتایبەت قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ و دەرکەوتنی فاشیزم، مێژوونووسیی مارکسیی لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواش، بەتایبەت لەئەڵمانیا و فەرەنسا، بایەخی هەبوو.

شایەنی باسە، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەسانی وەک "ماکس ئەدلر" (١٨٧٣-١٩٣٧) لە نەمسا و "ئێدوارد بێرنشتاین "(١٨٥٠-١٩٣٢) لە ئەڵمانیا و "جان جۆریس"(١٨٥٩-١٩١٤) لە فەرەنسا، لە کتێب و بڵاوکراوە مێژووییەکانیاندا، هەوڵیاندا بە پێداچوونەوە بۆ دیدی ماتەریالیزمی مێژوویی و زێدەکردنی کۆمەڵێک سەرنج و بۆچوونی خۆیان (بەتایبەتی پێداگرتن لەسەر بەها ئاکارییەکان و دیموکراتی)، قسە لەبارەی هێنانەئارای کۆمەڵگای سۆسیالیستەوە بکەن. هەروەها کەسانی دیکەی وەک "ئەنتۆنیۆ گرامشی" (١٨٩٢-١٩٣٧) ئیتالی و "لوی ئالتوسیر"(١٩١٨-١٩٩٠) ی فەرەنسی کە بۆخۆیان کۆمۆنیست و مارکسیست بوون، هەوڵیاندا نوێگەریی لە مارکسیزمدا بکەن، بەجۆرێک بووە چوارچێوەیەکی فراوانتر بەشێوەیەک مێژوونووسانی رۆژئاواییش لەکارو لێکۆڵینەوەکانیاندا بەبایەخەوە پشتیان پێ دەبەست، وەک "کارل کاوتسکی" ( ١٨٥٤-١٩٣٨) ئەڵمانی لەکتێبەکانی "رێبازی ئابووری لەلای مارکس" لە ١٨٨٧ و "شۆڕشی کۆمەڵایەتی" لە ١٩٠٢، هەروەها "پاول لافراگ" فەرەنسی (١٨٤١-١٩١١). پاشان بەتایبەتی مێژوونووسانی قوتابخانەی ئەنالی فەرەنسی وەک "مارک بلوخ" (لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ١٩٣٦) و "فێرناند برۆدێل لەنامەی دکتۆراکەی سەبارەت بەدەریای سپی ناوەڕاست" و "جۆرج دوبی" لە (ژیانی گوندەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستی رۆژاوادا لە ١٩٦٢ ).

هەروەها لەلای رۆژهەڵاتناسانی وەک "کلۆد کاهین"و "مۆریس لۆمبار" کە بایەخیان بە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە جیهانی ئیسلامییدا داوە.



ئەدلەر



بەرنشتاین



گرامشی



ئالتوسیر

بێگومان مێژوونووسیی مارکسیی لەمێژووی خۆیدا هەروەک ڕەوتەکانی دیکە بێ ڕەخنەلێگرتن تێنەپەڕیوە، کە لەوانە:

- مێژوونووسیی مارکسیی ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژیستە و هەر لەسەرەتاوە ئەنجامی بۆ خۆی دیارییکردووە. دواتر لایەنگری خۆشی لەپرۆسەی گەشەکردن و گۆڕانکارییە مێژووییەکان ناشارێتەوە و بەلایەنگەرییەکی دادپەروەرانە لەقەڵەمدەدات. ئەوەش لەگەڵ ئەو بابەتییبوون و بێلایەنییبوونەدا پێکدژە کە ڕەوتی ڕێبازگەرا جەختی لێدەکردەوە کە مێژوونووس پێویستە لەسەری بەدوای زانیارییەکاندا بگەڕێت و بزانێت لە ڕابردوو چی ڕوویداوە، نەک لەسەر بنەمای تیۆرێکی ئامادەکراو، ڕابردوو لە چوارچێوەی چینێکی کۆمەڵایەتیی، مێژوو بخوێنێتەوە.
- پێداگریی لەسەر بنەما مادییەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان و ڕۆڵی ژێرخان لە لێکدانەوە و شیکاریی ڕووداوەکانی ڕابردوو، دەبێتەهۆی پشتگوێخستنی ڕۆڵی فیکر و پاڵنەرە سیاسی و ئاینی و هونەریی و ئاکارییەکان، لە ڕووداوە مێژووییەکاندا. دیارە پێشتر، چ مارکس و چ ئەنجلز، لەم بارەیەوە هۆشیارییان داوەو هیچ کات فاکتەری ئابووریان بە تەنیا فاکتەر نەزانیوە و گرنگی سەرزانیسیان لەو ڕووەوە بێ بایەخ نەبینیوە. بەڵام پیادەکردنی مارکسیزم لەسایەی ستالینیزمدا، ئەو لایەنەی بەرواویی لەبیربردبۆوە.
- ماکسیزم بڕوای بە حەتمییەت و کۆتایی سیستمی سەرمایەداریی و مێژووی کۆمەڵگای چینایەتییە بەرەو کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای بێ چین و جەوسانەوە و ئیستیغلال لەرێگەی شۆڕشی پرۆلیتاریاوە لە دەوڵەتانی ئەوروپای پێشکەوتوو، بەلام ئەوەی ڕوویدا لە سەدەی بیستەمدا شتێکی

تر بوو. سەرمایەداریی خۆی نوێکردەوە و قەیرانەکانی بەردەمی لەو قۆناغەدا تێپەڕاندو لەجەنگی ساردیشدا سەرکەوت و پاشەکشەی بە (بەرەی کۆمۆنیزم) هێنا، ئەوەی وایکردکەسێکی وەک "فۆکۆیاما" ئەو سەرکەوتنەی سەرمایەداریی و بەها باوەکانی کۆمەڵگا لیبراڵەکانی رۆژئاوا (ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای خۆشگوزەران) بەکۆتایی مێژوو لەقەڵەم بدات.

- هەندیک پێیان وایە مارکسیزمیش وەک ئاینە باوەکان، جیهان بۆ دوانەیەکی خێرو شەڕ یان ئەهورا و ئەهریمەن دابەشدەکات. بە هۆکارەش لەمیژوودا هەستاوە بە شەیتاندنی چینە باڵادەستەکان و بەفریشتەکردنی چینە زەحمەتکێشەکان، کە ئەوەش بارگاوییکردنی مێژووە بە دیدێکی نازانستی لەپێشینەبڕیارلێدراو.
- رەتکردنەوەی موڵکایەتی تایبەتی فەردی و کۆکردنەوەی لەدەستی دەوڵەتدا بەناوی دەوڵەتی پرۆلیتاریا، کارەساتی بۆ مرۆڤایەتیی هێناوەو زەمینەی بۆ ئەو سیستمە دکتاتوریی تۆتالتارییانەی رەخساند کە لەسەدەی بیستەمدا لەدەرەوەی ئەوروپای رۆژئاوا دامەزران، وەک: سۆڤێت ، چین، کوبا، کۆریا..هتد. هەربۆیە ئەوانە رۆڵی مارکسیزم لە دروستبوونی ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا بێتاوان نابینن، هەروەک چۆن هەندێک هیگلیزم لە دەرکەوتنی نازیزمدا بێتاوان نابینن.


## قوتابخانەی مێژوونووسیی " ئەنالی" ی فەرەنسی

سەرەتاکانی دەستپێکی ئەم قوتابخانەیەی مێژوونووسیی بۆ بەرایی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی لەساڵی ١٩٠٠دا، بیرمەندی فەرەنسی "هێنری بییر" (١٨٦٣-١٩٥٤) گۆڤارێکی وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر رەوتی مێژوونووسیی رێبازگەرایی بڵاوکردەوە و ژمارەیەک هاوکاری لەگەڵ بوون وەک "دۆرکهایم" ی کۆمەڵناس و "فرانسوا سیمیاند"ی ئابووریناس و هەردوو مێژوونووس : "مارک بلوخ"و "لوسیان فیڤەر". شایەنی باسە، سیمیاند لە وتارێکیدا لەو گۆڤارە بەناونیشانی " رێبازی مێژوویی و زانستی کۆمەڵناسی " هێرشێکی توندی کردە سەر رەوتی رانکەیی رێبازگەرایی و داوایکرد خێڵی مێژوونووسان لە سایەی بتەکانی : سیاسی و بیۆگرافیا و کرۆنۆلۆجی بێنەدەر. لەراستییدا، ئەم گۆڤارە سەرەتای گرێدان و پێکەوە کارکردنی هەمەلایەنە و ئاوێتەبوونی تێکڕای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بەجۆرێک تارادەیەکی زۆر پشتیکردە بنەماکانی رەوتی رێبازگەرایی. دیارە دۆرکهایمی کۆمەڵناس دەمێک بوو ئەو دیدەی پێشاندابوو کە پێویستە سەرجەم زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەت مێژوو، لەنێو کۆمەڵناسییدا بتوێنەوە و سنوور لەنێوانیاندا هەڵگیرێت. ئەو دیدەی کە لەلایەن بەشێکی زۆر لە رێبەرانی لقە کۆمەڵایەتییەکانەوە قووت نەدەچوو، هەربۆیە رەتکرایەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش، ئەو دیدەی دۆرکهایم لەسەر رەوتی مێژوونووسیی باو، بێ کاریگەر نەبوو. ئەوەی وایکرد زەمینەی رەوتی نوێ بێتەئارا کە گەڵگەی ئاراستەیەکی رێبازێکی نوێ و بیری گەنجانە و عەقڵیەتێکی کراوەتر بوو بەسەر لقەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا.

پێویستە بوترێت کە رەوشی گشتی جیهان و هەڵگیرساندنی یەکەمین جەنگی جیهانیی و ئەوە رووداوانەی لەساڵانی نێوان هەردوو جەنگەکەدا روویاندا، بەتایبەت دەرکەوتنی قەیرانە ئابووری و

کۆمەڵایەتییەکان کە زیاتر زەمینەی پەرەسەندن و پێگەیشتنی ئەم ڕەوتە نوێیەیان ڕەخساند. بەتایبەتی پاش ئەوەی هەردوو مێژوونووس : "مارک بلوخ" (١٨٨٦-١٩٤٤) و "لوسیان فیڤەر" (١٨٧٨-١٩٥٦) لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٩دا، لەزانکۆی ستراسبێرگ بەناوی " sociale Annales d'histoire économique et / ساڵنامەی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی" بڵاوکردەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە ئیدی نووسینی مێژوویی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی و جیۆگرافی و دیمۆگرافی دەگرێتەخۆ و بەهەموو شتێکەوە پەیوەستە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە بێت و بەرووی هەموو بوارەکانی زانستدا دەکرێتەوە، وێڕای ئەوەی کە تایبەتمەندییەکانی هەر یەک لەو زانستانەش دەپارێزێت.

لەسایەی ئەم ڕەوتە نوییەوە کە هەمان ناوی گۆڤارەکەیان هەڵگرت، میژوونووسیی بایەخ بە قۆناغی ماوەی درێژخایەن دەدات لەبری ئەو ماوە کورتەی کە ڕێبازگەراکان کاریان پێدەکرد. هەروەها مێژوو لەبری تاک بایەخ بە کۆمەڵگا دەدات، لەبری میژووی سیاسی و سەربازیی و دیپلۆماسی، توێژینەوە لە بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و هزریی و دابونەریت و ..هتد دەکات. لەراستییدا، ئەم ڕەوتە هەوڵیدا، دابڕانێکی ئەبستمۆلۆژیی لەگەڵ ڕەوتی ڕێبازگەرایی بێنێتەئارا و بەدیدێکی فراوانترەوە لە مێژووی ڕووداوەکانی ڕابردوو بڕوانێت. مێژوو بەلای ئەوانەوە، بەوهۆیەی کە لەدیاردە مرۆڤایەتییەکان دەکۆڵێتەوە و دیاردە مرۆییەکانیش بوارێکی ئاڵۆزە و چەندەها ڕەهەند و پاڵنەر و هۆکاری جیاواز، کاریگەریی لەسەریان هەیە، هەربۆیە لەسەر مێژوونووس پێویستە کە هەموو ئەو ئاست و ڕەهەندە جیاوازانە بەسەربکاتەوە کە لەپێکهاتەی ژیانی مرۆییدا کاریگەرییان هەیە، جا : بایەلۆژی یان دەرونیی یا ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ..هتد، بن.


هێنری بییر


سیمیاند



بلوخ



فيڤەر

بەگوێرەی مارک بلوخ، رابەری دیاری ئەم قوتابخانەیە، کە چەندین کتێبی مێژوویی بە ناونیشانەکانی "کۆمەڵگای فیودالّی" و "جیاکەرەوە رەسەنەکانی میژوو" و "گوندنشینیی فەرەنسی" نووسی، پێویستە مێژوونووس شارەزاییەکی باشی لە زانستەکانی دیکەی وەک : شوێنەوار و جیۆگرافیا و دیمۆگرافیا و ئامار و هونەر و زمان و ئابووری و کۆمەڵناسییدا هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت لەسەر ئاستی هەموو رەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی، زانیاریی وەربگرێت و بەقازانجی هەڵهێنجانی راستی رووداوەکانی مێژوو، لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەکانی بکات.

شایەنی باسە، لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی رەوتی مێژوونووسیی قوتابجانەی ئەنالی فەرەنسی، سنووری دیکە دەرکەوتن کە پێکەوە گرێدانی دوو لقی زانستە مرۆڤایەتییەکانی لەخۆدەگرت، وەک: دیمۆگرافیای مێژوویی، مێژووی ئابووری، مێژووی کۆمەڵایەتی ..هتد. هەروەها میژوو، زۆری بە زانستەکانی دیکە بەخشی و زۆریشی لێوەرگرتن. بێگومان مێژوونووسیی ئەنال هەر لەفەرەنسا و ئەوروپادا نەمایەوە ، بەڵکو لەپاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە، وێڕای لەدەستدانی رابەرەکەی کە مارک بلوخ بوو، ئەوەی لەلایەن نازییەکانەوە ئیعدامکرا، ئەم رەوتە پەلیهاویشت بۆ سەرانسەری جیهان. هەر لە هندەوە تاکو بەرازیل و لە سینگالەوە تاکو تورکیا.

قوتابخانەی مێژوونووسیی ئەنال، لەپاش جەنگ، بەرابەری لوسیان فیڤەر و دواتریش لەسالانی شەستەکان لەسەر دەستی مێژوونووس "فێرناند برۆدێل"(١٩٠٢-١٩٨٥) گەیشتە قۆناغی زێڕینی خۆی. فیڤەر، لەرێگەی چەند بەرهەمێکی چاپکراوەوە، بەتایبەت کتێبی "زەوی و گەشەکردنی مرۆڤایەتیی" هەوڵیدا پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان مێژوو و جیۆگرافیادا دروستبکات و داوای هەماهەنگی لەنێوان توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کرد. ئەو جەختی

لەوەکردەوە کە پێویستە لە بنەما ئابوورییەکانەوە بەرەو سیاسەت بڕۆین، نەک بە پێچەوانەوە.

# ANNALES D'HISTOIRE ÉCONOMIQUE ET SOCIALE

***Revue trimestrielle***

---

*Directeurs :*

Marc Bloch — Lucien Febvre

---

**TOME PREMIER**

Année 1929

**LIBRAIRIE ARMAND COLIN**

**103, Boulevard Saint-Michel, PARIS**

1929

Tous droits de reproduction, de traduction et d'adaptation réservés pour tous pays

Source gallica.bnf.fr / Bibliothèque nationale de France

هەروەها، برۆدێل لەرێگەی تێزی دکتۆراکەیەوە کە بەناونیشانی :" مێدیتێریان و جیهانی مێدیتێریان لەسەردەمی فیلیپی دووەمدا" بە تەنیا بەرجەستەی ئەم رەوتەی نەکرد، بەڵکو لە چەندین رووەوە زێدەکاری خستەسەر. ئەو بانگەشەی بۆ دوورکەوتنەوە لەمێژووی گێڕانەوەیی ساکار دەکرد کە لەسەر پەیوەستبوون بە کاتی ماوەکورتەوە ئەنجامبدرێت، بەڵکو بە ئامانجی دەرخستنی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ جیۆگرافیادا، جەختی لە کاتی ماوەدرێژی مێژوویی کردەوەو کاتی دابەشکرد، بەمشێوەیەی خوارەوە:

- کاتی جیۆگرافی : کە ماوەدرێژە و کاتێکی بونیادییە و نیوەچەسپاوە و بە هێواشییەکی زۆر دەگۆڕێت.
- کاتی کۆمەڵایەتی: ماوەناونجییە و کاتی دۆخەکانە وەک مێژووی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵگا.
- کاتی سیاسی : کاتی ماوەکورتە و کاتی رووداوە سیاسییەکانە وەک جەنگ و پەیماننامەکان و حوکمداری پاشاکان.

برۆدێل لەرێگەی کتێبیکییەوە بەناونیشانی "نووسراوگەلێک سەبارەت بە مێژوو"، داوای یەکخستنی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکات لەرێگەی بەستنەوەی رابردوو بە ئێستاوە، ئەوەش لەپێناو دامەزراندنی مێژوویەکی گشتگیردا.

لەراستییدا، قوتابخانەی ئەنالی فەرەنسی، دەرگایەکی فراوانی لەسەر توێژینەوە لە بابەتە مێژووییەکان و مێژوونووسیی کردەوە، ئەوەی پێشتر هەرگیز لەسەدەکانی رابردوودا، بەخۆیەوە نەبینیوە. بەڵام بەو هۆیەی کە خودی ئەو رەوتە لەنێو رەوشی قەیرانە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی ئەوروپاوە سەریهەڵدا، هەربۆیە بابەتە مێژووییەکانی گۆڤاری ئەنال و دواتر کار و بابەتە مێژووییەکانی

مێژوونووسانی ئەم قوتابخانەیە، زیاتر بایەخیان بە بابەتی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و نوێ دەدا و کەمتر ئاوڕیان لە مێژووی دێرین دەدایەوە.

هەروەها پەیوەست نەبوون بەو ڕێبازە توند و کلاسیکییەی مێژوونووسیی ڕێبازگەرا لەلایەن مێژوونووسانی قوتابخانەی ئەنالەوە لەلایەک و تێکەڵکردنی ڕێبازە جیاوازەکانی لقەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەت کۆمەڵناسی، لە توێژینەوە مێژووییەکاندا، وایکردبوو بەرهەمەکانی مێژوونووسیی ئەنال، کەمتر وەک بابەتێکی مێژوویی سەربەخۆ دەربکەوێت و زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی و جیۆگرافی و ئابووریدا دەربکەوێت. ئەوەش، بەلای هەندێک لەمێژوونووسانی نێو خودی قوتابخانەی ئەنالیشەوە، مایەی رەخنە بوو. ئەوەی وایکرد ئەم قوتابخانەیە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە تووشی رەخنە ببێتەوە و مێژوونووسان هەنگاوێک بگەڕێنەوە بۆئەوەی سەرەتایەکی نوێ بە مێژوونووسیی ببەخشن کەتیایدا مێژوو سەربەخۆیی و کەسایەتیی خۆی بەپارێزراوی بهێڵێتەوە.



برۆدێل

# سەرچاوەکان


١- **خالد طحطح** ، الكتابة التاريخية ، المغرب، 2012.

٢- د. هادي التيمومي، المدارس التاريخية الحديثة، لبنان، 2013.

٣- جون توش، المنهج في دراسة التاريخ ، ت: ميلاد المقرحي ، بنغازي، 1994.

٤- محمد حبيدة، المدارس التاريخية ، برلين، سوربون، استراسبورغ. دار الامان، 2018.

٥- عبدالله العروي ، مفهوم التاريخ ، المركز الثقافي العربي، المغرب، 1997.

٦- عبدالله العروي ، العرب و الفكر التاريخي ، المركز الثقافي العربي، 2006 .

٧- علي ادهم ، تاريخ التاريخ ، دار المعارف، 1977.

٨- ر. ج. كولونجوود ، فكرة التاريخ، ت: محمد بكير خليل، 2012.

٩- وجيه كوثراني، تأريخ التأريخ، اتجاهات – مدارس – مناهج، بيروت ، ٢٠١٢.

١٠- کەمال مەزهەر ، مێژوو: کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد، بەغداد، ١٩٨٣.